دامەزراوەی ڤـیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجـی
مؤسسـة رؤيـة للدراسـات الاستراتيجيـة
Vision Foundation for Strategic Studies

# ڕۆڵی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی لە هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی (2006-2024)

## پارێزگای سلێمانی وەك نمونەیەك

# بەشی توێژینەوەکان - دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

**جۆری بڵاوکراوە :**
توێژینەوەی شیکاری و پێوانەسازی

**بابەت :**
ئابوری

**توێژەر:**
د. سوپا سەلام

---

**بەیاننامەی دامەزراوەکە:**

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کاردەکات لە پێناو تێگەشتنی هاوسەنگ ودروستکردنی داهاتوویەکی پرشنگدار و گەشەندوو بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق، لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لە سەرجەم گرفت و قەیرانەکان و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو. ئێمە بەشداری دەکەین لە پاراستن پێشخستنی وڵاتەکەمان، وەک ئەرکی سەرەکی دامەزراوەکەمان، لە ڕێگەی پێشکەشکردنی (پۆڵەسی) بەرچاو ونی وچارەسەر دەدەین بە داڕێژەران و ناوەندەکانی بڕیار لە هەردوو حکومەتی فیدڕاڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان و ڕای گشتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

**تێبینی:**

ئەو دەرئەنجام و ڕاسپاردانەی لە توێژینەوەکەدا ئاماژەی پێکراوە و خراونەتە ڕوو بریتیە لە دیدگای توێژەرانی توێژینەوەکەیە، کە مەرج نییە نوێنەرایەتی دیدگاو بۆچونی دامەزراوەکە بکەن.

مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە ©٢٠٢٥
INFO@VFSSIQ.ORG
WWW.VFSSIQ.ORG

د.سوپا سلام رشید

## پوختە

وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی یەکێکە لە جۆرەکانی وەبەرهێنان کە سەرجەم ئەو پرۆژانە لە خۆدەگرێت کە خاوەندارێتی و بەڕێوەبردن و دامەزراندنی لەلایەن وەبەرهێنێکی بیانیەوەیە جا خاوەندارێتی هەمووەکی پرۆژەکە بێت یاخود هاوبەشی،ئەمەش لە ڕێگەی بەگەڕخستنی سەرمایە نەختینەییەکەیەوە بێت یاخود ئاستە زانستیەکەی یاخود لێوەشاوەییەکەی بێت،جاری واهەیە ئەم وەبەرهێنانە لەلایەن کەسێك یاخود دامەزراوەیەك یاخود لقی کۆمپانیایەکەوە ئەنجامدەدرێت و ئامانجیش لەم پرۆسەیە دەسکەوتی ئابووریە لە داهاتوودا بۆ وڵاتی خانەخوێ و وەبەرهێنەرە بیانیەکە. لەم ڕوانگەیەوە ئەم توێژینەوەیە ئامانجیەتی قەبارەی وەبەرهێنان بەگشتی و وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی بەتایبەتی لە پارێزگای سلێمانی بخاتەڕوو لەماوەی ساڵانی (2006- 2024)، ئەم توێژینەوەیە پشتی بەستووە بە شێوازی وەسفی لەڕێی بەکارهێنانی خشتەکان و ئاستی بەشداریکردن (نسبە المساهمە) لەگەڵ تێکرای گەشەی کەڵەکەبوو (معدل النمو المرکب)، بە پشت بەستن بە داتای لایەنە پەیوەندیدارەکان و بەکارهێنانی پرۆگرامە ئامارگیرییەکان(R SOFTWARE) بۆ فۆڕمی ڕاپرسیەکان بە ئامانجی دۆزینەوەی قەبارەی کارتێکەرەکانی سەر وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی،توێژینەوەکە گەیشتووە بەکۆمەڵێك دەرەنجام لەوانەش، ژمارەی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی لە پارێزگای سلێمانی لە ئاستێکی زۆر نزمدایە، بەجۆرێك ڕێژەی بەشداری پرۆژەکانی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی لە سلێمانی لە کۆی گشتی پرۆژە بیانیەکانی هەرێم نزیکەی لە (5.3%)ی پێکهێناوە، هەروەها ڕێژەی بەشداری سەرمایەی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی لە پارێزگای سلێمانی لە کۆی گشتی سەرمایە بیانیەکانی هەرێم تەنها لە (0.5%) لە خۆی گرتووە لە کاتێکدا لە پارێزگای هەولێر نزیکەی لە (99.4%)، هەر بە گوێرەی ئەو دەرەنجامانەی پێیگەیشتووە لاوازی ڕۆڵی بانکەکان و کەمی قەبارەی خواستی بازاڕی سلێمانی و هەموارنەکردنەوەی یاسای وەبەرهێنان و نارۆشتنی لە سیاسەتی ئابووری و بوونی ڕۆتیناتی ئیداری و ناجێگیری بارودۆخی سیاسی پشکی شێریان بەرکەوتووە لە نێو ئەو کارتێکەرانەی کە بوونەتە هۆکاری کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی لە پارێزگای سلێمانیدا،بۆیە توێژینەوەکە چەند پێشنیارێکی خستووەتەڕوو لە گرنگترینیان خۆی دەبینێتەوە لە دروستکردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ وەبەرهێنان کە هەرسێ خاسیەتی (شەففافی و هەماهەنگی و بزاوتن)ی لە خۆگرتبێت،هاوشان لەگەڵ فەراهەمکردنی ژێرخانێکی ئابووری تۆکمە و دەستەبەرکردنی هاوسەنگی سیاسی و ئیداری بۆ پارێزگای سلێمانی بۆ ئەوەی وەبەرهێنی بیانی سڵ لە بەگەڕخستنی سەرمایەکەی نەکاتەوە لە وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی لە پارێزگای سلێمانیدا. وشەی سەرەکیەکان: وەبەرهێنان، وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی ، تێچووی پرۆژەکان، دەستکەوتی پرۆژەك

## پێشەکی

وڵاتانی جیهان بەگشتی و تازەپێگەیشتووەکان بەتایبەتی لە کێبڕکێدان بۆ کشانەوە و کەمکردنەوەی ڕۆڵی حکومەت لە ژیانی ئابووری کۆمەڵگاکانیاندا، بەجۆرێك لە ڕێگەی هاندان بۆ وەبەرهێنان لە سێکتەرە جیاوازەکاندا دەیانەوێت قەبارەی (خەرجیەگشتیەکان)ی حکومەت بە ئەندازەیەکی باش کەمبەکەنەوە،ئەمەش دۆخێکی خولقاندووە کە وڵاتێك شك نابەین حکومەتەکەی تەواوی پرۆژە ئابووری و خزمەتگوزارییە گشتیەکانی لە ئەستۆگرتبێت، لەم ڕوانگەیەوە وەبەرهێنان بەگشتی و وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی بە تایبەتی ڕۆڵی کاریگەری بینیوە لە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی کەرتی حکومی لە مەیدانەکەدا دروستی دەکات.

لە هەرێمی کوردستان بەگشتی و پارێزگای سلێمانی بەتایبەتی ئەگەرچی پرۆسەی وەبەرهێنان بەفەرمی نزیکەی 20ساڵە هاتووەتە ناو مامەڵە ئابووریەکانمانەوە، گومانمان نیە ئەگەر بە شێوازێکی زانستی وورد دەستنیشانی خاڵە لاواز ەکانی کرابا و هەوڵ بۆ چارەسەر کردنی بدرایە و پەرە بەلایەنە ئەرێنیەکانی بدرایە،ئەوا دەتوانرا ئابووری هەرێم بەگشتی و پارێزگای سلێمانی بەتایبەتی بەجۆرێك ڤراژوو ببێت کە چەندان قەیرانی ئابووری چارەسەر بکردایە.بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات گرنگی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی و لەمپەرەکانی بەردەمی بخاتەڕوو، هاوکات لە ڕێگەی داتا فەرمییەکانەوە واقعی قەبارەی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی لە پارێزگای سلێمانی شرۆڤە دەکات و

بەراوردی دەکات بە پارێزگای هەولێر، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا پێوانەسازی بۆ کارتێکەرەکانی سەر وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی دەکات بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارەی دەسکەوێت "بۆچی لەدایکبوونی پرۆسەی وەبەرهێنان دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی،کەچی قەبارەی وەبەرهێنان بەگشتی و وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی بەتایبەتی لە نزمترین ئاستدایە؟" لەکۆتاییشدا بە دەرەنجام و پێشنیارەکان کۆتایی بە توێژینەوەکە دەهێنێت.

## کێشەی توێژینەوە (مشکلە البحث):

کێشەی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لە کەمی قەبارەی وەبەرهێنان بەگشتی و وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە پارێزگای سلێمانی لەکاتێکدا یەکەمین پارێزگای هەرێمبووە کە پرۆسەی وەبەرهێنانی تێدا ئەنجامدراوە.

## گرنگی توێژینەوە (أهمیە البحث):

توێژینەوەکە چەندان گرنگی لەخۆگرتووە،بەڵام بەکورتبڕی لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆیان دەکەینەوە:

1. گرنگی وەبەرهێنان بەگشتی و وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی بەتایبەتی روونەدەکاتەوە.
2. گرنگی بە ئاستی بەشداری پرۆژەکانی وەبەرهێنانی سلێمانی لە تێکڕای وەبەرهێنانی هەرێمدا دەدات و قەبارەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانیش لە پارێزگای سلێمانی شرۆڤە دەکات.
3. گرنگی بە قەبارەی سەرمایەی بەکارهاتوو لە وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە پارێزگای سلێمانی دەدات.
4. گرنگی بەو کارتێکەرانە دەدات کە بوونەتە کۆسپ لەبەردەم وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانیدا.
5. گرنگی دەدات بە خستنەڕووی پێشنیاری زانستی بۆ فراژوو کردنی قەبارەی وەبەرهێنانی بیانی لە پارێزگای سلێمانیدا.

## ئامانجی توێژینەوە (هدف البحث):

ئامانجی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لەم خاڵانەی خوارەوە:

1. ئامانجیەتی وێنە راستەقینەکەی ژینگەی وەبەرهێنان بەگشتی و وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە پارێزگای سلێمانی نیشانبدات.
2. قەبارەی وەبەرهێنان بەگشتی و وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی بەتایبەتی لە پارێزگای سلێمانی بخاتەڕوو.
3. ئامانجیەتی بەراوردکاری لە وەبەرهێنان بەگشتی لەلایەك و وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لەلایەکی دیکە بکات لە نێوان سلێمانی و هەولێردا هەتا بزانرێت پارێزگای سلێمانی لە کوێی پرۆسەکەدایە.
4. ئامانجیەتی قەبارەی کارتێکەرەکانی سەر وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی بدۆزێتەوە کە بوونەتە هۆکاری کەمبوونەوەی.
5. -توێژینەوەکە هەوڵدەدات لە رێگەی پێشنیارەکانیەوە بەرچاوروونی بدات بە لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ چارەسەرکردنی پرۆسەی وەبەرهێنان لە پارێزگای سلێمانیدا.

## گریمانەی توێژینەوە (فرضیە البحث):

سەرەڕای ئەوەی دەستپێکی پرۆسەی وەبەرهێنان دەگەڕێتەوە بۆ پارێزگای سلێمانی،بەڵام هەنووکە ئەم پارێزگایە لە قەبارەی وەبەرهێنان بەگشتی و وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانیدا کەمترین بەشداری هەیە.

## سنوری توێژینەوە (حدود و نطاق البحث)

سنوری جوگرافی: پارێزگای سلێمانی وەك نمونە وەرگرتووەو بەراوردی دەکات بە پارێزگای هەولێر.

سنوری کات: لە ساڵی 2006وە دەستپێدەکات بۆ ساڵی 2024

## میتۆدۆلۆژیای توێژینەوە (منهجیە البحث)

لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی،توێژینەوەکە میتۆدۆلۆژیای شیکاری و پێوانەسازی بەکاردەهێنێت بە پشتبەستن بەو داتایانەی کە لەلایەنی پەیوەندیدارەوە دەستیکەوتووە لەگەڵ بڵاوکردنەوەی فۆرمی راپرسی بۆ کۆمەڵەی دەستنیشانکراو.

## میتۆدۆلۆژیای توێژینەوە (منهجیە البحث)

بەگشتی توێژینەوەکە دابەشبووە بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا،لەبەشی یەکەمدا کە تایبەت کراوە بە لایەنی تیۆری،تیایدا وەبەرهێنان و وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی و شێوەکانی و، گرنگی وەبەرهێنانی بیانی و ئەو هۆکارانەی کە کارتێکەرن لەسەر وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی شیدەکاتەوە، لەبەشی دووەمیشدا کە تایبەت کراوە بەلایەنی پراکتیکی،تیایدا قەبارەی وەبەرهێنان بەگشتی لە پارێزگای سلێمانی دەخاتەڕوو،پاشان قەبارەی وەبەرهێنان بەگشتی و وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی سلێمانی بەراورد دەکات بە پارێزگای هەولێر،دواتر رێژەی بەشداری وەبەرهێنان لە پارێزگای سلێمانی بە هەرسێ جۆرەکەیەوە (بیانی،هاوبەش،گشتی) لە کۆی گشتی وەبەرهێنا شرۆڤە دەکات و قەبارەی گەشەی ساڵانەی کەڵەکەکراوی دەخاتەڕوو،هەروەها ئاستی کاریگەری هەر کارتێکەرێك لەسەر وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە پارێزگای سلێمانی دەدۆزێتەوە،لەکۆتایی توێژینەوەکەشدا دەرەنجامەکان و راسپاردەکانی لەمەڕ وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە پارێزگای سلێمانی دەخاتەڕوو.

## بەشی یەکەم: لایەنی تیۆری وەبەرهێنان و وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی

وڵاتە تازەفراژووبووەکان لە هەوڵی ئەوەدان کە رۆڵی وەبەرهێنان لەناو سێکتەرە ئابوورییە جۆراوجۆرەکاندا پەرەپێبدەن،لەو نێوەندەشدا چاویان بڕیوەتەسەر وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی،هەتا بتوانن لەو کەناڵەوە قورسایی سەرشانی خەرجییەگشتیەکانی حکومەت کەمبکەنەوەو دراوی قورس مسۆگەر بکەن و وەسەرکارخستنی دەستی کاری ناوخۆیی گەشەپێبدەن.

لەو روانگەیەشەوە ئەم بەشە بەگشتی دابەشبووە بەسەر سێ تەوەری سەرەکیدا کە ئەوانیش:

تەوەری یەکەم: وەبەرهێنان و وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی

تەوەری دووەم: گرنگیەکانی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی

تەوەری سێهەم: کارتێکەرەکانی سەر وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی

## تەوەری یەکەم: وەبەرهێنان و وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی

ئەگەرچی لە ئەدەبیاتی کوردیدا وەبەرهێنان بەگشتی و وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی تائەندازەیەك تازەیە، بۆیە هەوڵدەدەین لە چوارچێوەی ئەم تەوەرەدا تیشك بخەینەسەریان و لە پاڵیشیاندا شێوەکانی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی باس بکەین.

### 1- وەبەرهێنان:

لەرووی وشەسازییەوە وەبەرهێنان ئاماژەیە بۆ زیادکردن و گەشەسەندنی (بەرهەم)،وەگەشەکردنیش مەبەست لێی گەورەبوونی سەرمایەیە جا لە شێوەی نەختینەیی بێت یاخود ماڵی بێت یاخود بازرگانی، لە ئێستاشدا گەشەسەندی کەرتی عەقارات و بیناسازی و کاغەزە داراییەکانیشی لەخۆگرتووە ئەمە وێڕای شێوەباوەکانی دیکەی سامان لە سەردەمی دراوە ئەلیکترۆنیەکاندا (عبدالکریم،2008، 4).بەڵام لە رووی ئابوورییەوە" گوزارشتە لە پرۆسەیەکی ورد و پلان بۆ دارێژراو بە ئامانجی خستنەکاری سەرمایە لە رێگەی ئاڕاستەکردنی پاشەکەوتەکان بە ئامانجی بەرهەمهێنانی کاڵاو خزمەتگوزارییەکان و تێرکردنی پێداویستیەکانی کۆمەڵگا و دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتیان و دەستخستنی دەسهاتی زیاتر لەچاو ئەوەی خراوەتەگەڕ. .(ال شبیب،2009، 17)."

وەبەرهێنان بە گوێرەی دابەشکارییەکان بۆ چەندان جۆر دابەشدەبن،بەڵام ئەوەی زیاتر توێژینەوەکە تیشکی دەخاتەسەر دابەشکردنی وەبەرهێنانە بەگوێرەی رەگەزی وەبەرهێن کە ئەوانیش دەکرێن بە (وەبەرهێنانی نیشتیمانی و وەبەرهێنانی بیانی)

---

* بەگشتی هەشت جۆر دابەشکاری هەیە ئەوانیش بەگوێرەی
1. ئەوانەی پێی هەڵدەستن (تاك ، کۆمپنیاکان ، حکومی) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (لطفی ، 2009 ، 40-41)
2. بەپێی شوێنی جوگرافی (نێودەوڵتی،نیشتیمانی،هەرێمی،ناوخۆیی)
3. بەپێی کات (ماوەدرێژ،ماوە مامناوەند،ماوەکورت)
4. بەپێی خێرایی راگەیشتن بە دەستکەوت (ئەو وەبەرهێنانەی دەستکەوتیان خێرایە، ئەو وەبەرهێنانەی   دەستکەوتیان خاوە)
5. بەپێی سروشتی وەبەرهێنان (ماددی ، مرۆیی) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (سعاد ، 2011 ، 68)
6. بەپێی پێوەری دەرەکی (وەبەرهێنان لە کاڵا، وەبەرهێنان لە نەختینەدا)
7. وەبەرهێنان بەگوێرەی رەگەزی وەبەرهێن (وەبەرهێنانی نیشتیمانی ، وەبەرهێنانی بیانی)
8. وەبەرهێنان بەپێی رۆڵ (وەبەرهێنانی لەخۆوەکرد ، وەبەرهێنانی پاڵپشتی کراو) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (عاطف، 2012، 3 )

## أ- وەبەرهێنانی نیشتیمانی:

ئەمجۆرە وەبەرهێنانە لەرووی ناوەرۆکەوە دابەشدەبێت بەسەر دوو کۆمەڵەدا ئەوانیش:

- وەبەرهێنانی گشتی نیشتیمانی: بریتیە لەوجۆرەی وەبەرهێنان کە حکومەت خۆی یاخود یەکێك لە دامەزراوەکانی پێی هەڵدەستن بە ئامانجێکی گشتی وەك: کەمکردنەوەی بێکاری،زیادکردنی گەشەی ئابووری یاخود چارەسەری قەیرانی نیشتەجێبوون...هتد.(SHEARN: 2011 ،10)
- وەبەرهێنانی تایبەتی نیشتیمانی: بریتیە لەو وەبەرهێنانەی کە سەرمایەدارە ناوخۆییەکان پێی هەڵدەستن بە ئامانجی راگەیشتن بە دەستکەوتی ئابووری و پڕکردنەوەی پێداویستەکی دیاریکراو.( ABDU VALIEV:2023,59)

## ب- وەبەرهێنانی بیانی:

بریتیە لەو وەبەرهێنانەی کە لایەنی وەبەرهێن لە دەرەوەی سنوری ئەو وڵاتەیە کە وەبەرهێنانی تێدا ئەنجامدەدات و سەرمایەی (بیری ، نەختینەیی) خۆی لە وڵاتی خانەخوێدا بەگەڕدەخات،ئەمیش دابەش دەکرێت بە دوو جۆرەوە کە (وەبەرهێنانی ناڕاستەوخۆی بیانی، وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی)

- وەبەرهێنانی ناڕاستەوخۆی بیانی: ئەو جۆرەیە لە وەبەرهێنانی بیانی کە خۆی دەبینێتەوە لە شێوەی قەرز و کڕینی پشك و قەواڵەکان بەبێ ئەوەی خودی وەبەرهێنی بیانی سەرۆکاری لە بڕیاری کارگێڕی بکات و خۆی بخاتە ناو کارەکانەوە،بەڵکو لە چوارچێوەی مامەڵەکردن بە کاغەزە داراییەکان وەبەرهێنانی دەکات .((ARANGUNA:2021,10)
- - وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی: ئەوجۆرەیە لە وەبەرهێنانی بیانی کە راستەوخۆ خودی وەبەرهێن بەشداری لە پرۆژە وەبەرهێنانەکان دەکات لە وڵاتی میواندارد، لەم روانگەیەشەوە کە ئەم تەوەرە بابەتی سەرەکی توێژینەوەکەیە هەڵوەستەی زیاتری لەسەر دەکرێت بەگوێرەی ئەم تەوەرانەی خوارەوە (ALASRAG: 2005,4).

## 2- وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی

بەگشتی گوزارشتە لە سەرجەم ئەو پرۆژانەی کە خاوەندارێتی و بەڕێوەبردن و دامەزراندنی لەلایەن وەبەرهێنێکی بیانیەوەیە، ئەویش لە رێگەی سەرمایە نەختینەییەکەیەوەبێت یاخود ئاستە زانستیەکەی یاخود لێوەشاوەییەکەی بێت ...هتد پرۆژەکە ئاڕاستە دەکات، جاری واهەیە ئەم وەبەرهێنانە لەلایەن کەسێك یاخود دامەزراوەیەك یاخود لقی کۆمپانیایەکەوە ئەنجامدەدرێت و ئامانجیش لەم پرۆسەیە دەسکەوتی ئابووریە بۆ هەردوولا(مطر:2010، 75) . لەم پرۆسەیەدا وەبەرهێنی بیانی گرنگی دەدات بە هاودرەکردنی سەرمایەی نەختینەیی بێت یاخود کەلوپەل لە وڵاتانی دەرەوە بۆ دەڤەری خانەخوێ بە ئامانجی راپەڕاندنی پرۆژەکەی، هاوکات ئەو دەستکەوتە ئابوورییەشی کە لە ئەنجامی پرۆسەی وەبەرهێنانی بیانیەوە چنگی دەکەوێت هەناردەی وڵاتی خۆی دەکات یاخود پرۆژە وەبەرهێنانەکەی لە وڵاتی میوانداردا فراوان دەکات (المصری: 2004 ، 84).

هەرچەندە رێژەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی پێش ساڵی دووهەزار نزیکبووەیەوە لە ئاستی گەشەی ئابووری وڵاتان و ئەوێ رۆژێ و ئابووری ناسان بە ئاستێکی پێوانەیی ناویان دەبرد، بەڵام لە سەرتاکانی دوو هەزاردا پشکی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوودا گەیشتە (75%)ی کۆی گشتی کەڵەکەکردنی سەرمایەی وڵاتە تازە ڤراژووبووەکان، ئەمەش گوازارشتە بۆ دوو راستی کە ئەوانیش گرنگی وەبەرهێنانی بیانیە لەو وڵاتاندا و ،لەلایەکی دیکەشەوە هەڵپەی وڵاتانی تازەڤراژووبووە بۆ راکێشانی وەبەرهێنی بیانی(UNCTAD: 2004، 4). ئەم رۆڵە کاریگەرەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە وڵاتانی میوانداردا کارێکی کردووە لە چەندان شێوەدا خۆی بنوێنێ، کە دەکرێت گرنگترین شێوەیەکانی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لەم تەوەرەدا بخەینەڕوو.

## 3- شێوەکانی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی:

وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لەوڵاتانی خانەخوێندا لە حەوت شێوەدا خۆیان دەنوێنێن ئەوانیش:

### أ. ئەو پرۆژانەی بەتەواوی موڵکی وەبەرهێنی بیانیە:

ئەم جۆرە لە وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لەلایەن وەبەرهێنی بیانیەوە زۆر پەسەندەو تەواوی ئازادییەکانی لە بەڕێوەبردن و بازاڕداری دەستەبەرکردووە، هەروەك چۆن مافی ئەوەی هەیە کە لقی دیکەی وەبەرهێنان و بازاڕداری لە ناوچەکانی دیکەش بنیادبنێت و خاوەنی تەواوی چالاکییەکانی ناو پرۆژە وەبەرهێنانەکەیەتی (الصالح: 2014 ، 7). لەم جۆرەدا وەبەرهێنی بیانی هەڵدەستێت بە گواستنەوەی شارەزایی کارگێڕی و رێکخستن و کادری بە ئەزمون و تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو لە وڵاتانەوە بۆ وڵاتی میواندار لە پێناو سەرپێخستنی پرۆژە وەبەرهێنانەکەی (الجبوری: 2014 ، 41).

### ب. پرۆژە هاوبەشەکان:

گوزارشتە لەو وەبەرهێنانە بیانیەی کەلەسەر بنەمای هاوبەشی بنیادنراوە لە نێوان دوو لایەن یاخود زیاتر، کە وەبەرهێنەرێکی بیانی لەگەڵ وەبەرهێنەرێکی نیشتمانی بە مەرجێك کۆمپانیاکەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ناسراوبێت ئەنجامدەدرێت،کە زۆربەی کات وەبەرهێنەرە بیانییەکە رۆڵی بەرهەمهێنان و بازاڕداری لە وڵاتانی بیانیدا دەگێڕێت،ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە مافی خاوەندارێتی پرۆژەکە لە وڵاتی میوانداردا خۆشنابێت،بەڵام ئەوەی کە هەیە وەبەرهێنەری بیانی لەم شێوە وەبەرهێنانەدا تاکە خاوەنی پرۆژەکە نیە (الباشا: 2013، 26).

### ج. وەبەرهێنان لەناوچە ئازادەکان:

ئەم جۆرە لە وەبەرهێنانی بیانی کەوتووەتە ئەو ناوچانەی کە لە دەرەوەی ناوچە گومرگییەکانن،بەڵام لە رووی جوگرافیەوە زەوی وڵاتی خانەخوێیە، ناوچەیەکە بۆ ئەنجامدانی چالاکییە ئابوورییە جۆراوجۆرەکان و دەوڵەتیش یاسای تایبەتی بۆ وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە ئەم ناوچە ئازادانە داڕشتووە کە تایبەتمەندی خۆی هەیە بە بەراورد بەو ناوچانەی کە لە سەنتەر و ناوەندی قەزا و ناحییەکاندان (عاشور: 2007، 13-14). دەتوانین بڵێین حکومەت بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە ناوچە ئازادەکاندا چەندان ئاسانکاری وەك لێخۆشبوون لە باجی دەرامەت و رەسمی گومرگ لەسەر هێنانی کەلوپەل و ئاسانکاری مانەوەی کرێکاران و دابینکردنی ووزەی پێویست بە نرخی پاڵپشتیکراو فەراهەم دەکات، هاوکات ئاوەدانی دەخاتە ئەو ناوچانەوە کە پێی دەگوترێت ناوچە ئازادەکان (الصالح: 2014 ، 7).

### د. وەبەرهێنان لە پرۆسەی کۆکردنەوەو پێکەوەنان:

ئەم جۆرە لە وەبەرهێنانی راستەخۆی بیانی خۆی دەبینێتەوە لە گرێبەستێك لە نێوان وەبەرهێنی بیانی و وڵاتی میوانداردا،کە تیایدا لایەنی یەکەم هەڵدەستێت بە هاوردەکردنی پارچەکانی بەرهەمێکی دیاریکراو بە ئامانجی کۆکردنەوەو پێکەوەنانیان لە وڵاتی خانەخوێدا (الخطيب: 2009 ، 217)، ئەم جۆرە لە وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا زۆربەی کات خۆی دەبینێتەوە لەوەی کە وەبەرهێنی بیانی هەڵدەستێت بە پێشکەشکردنی شارەزایی و لێوەشاوەیی بەو وڵاتە،دواتر هەڵدەستێت بە پرۆسەی بنیادنانی کارگە و رێگاوبانەکان و عەمبارکردن و نۆژەنکردنەوەی پرۆژەکان بەئامانجی خێراکردنی پرۆسەی کۆکردنەوەو پێکەوەنان لەو وڵاتانەدا (الزبيدي: 2008 ، 18).

### هـ. وەبەرهێنانی کۆمپانیا فرەنەتەوەکان:

دیاردەی سەرهەڵدانی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە رێگەی کۆمپانیا فرە نەتەوەکانەوە لە دیارترین دەرکەوتەکانی پەیوەندییە ئابوورییە نێودەوڵەتیەکانە لە ماوەی سێ بۆ چوار دەیەی کۆتای سەدەی بیستەمدا (حديد: 2012، 377)، لەم پێناوەشدا وڵاتە تازە قەرزووبووەکان لە کێبرکێدان بۆ راکێشانی زیاتری ئەم شێوەیە لە وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی ئەویش لە رێگەی ئاسانکاری و پێدانی ئیمتیازاتی زیاتر و بەرزکردنەوەی ئاستی لێخۆشبوونەکان و داڕشتنی یاساگەلێك کە دڵنیایی تەواو بدات بە وەبەرهێنی بیانی کە پرۆژەکەی خۆماڵی ناکرێت و دەستی بەسەردا ناگیرێت و بەرهەمەکەشی لە هەموو رکەبەرییەکی دەرەوە کە زیان بە دەستکەوتەکانی بگەیەنێت دەپارێزرێت، لە بەرامبەردا کۆمپانیا فرە نەتەوەکان دوای خەمڵاندنی قەبارەی دەستکەوتەکان و مەترسیەکان بە سەرمایەیەکی گەورەوە وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی ئەنجامدەدەن(عبدالقادر: 2009 ، 30).

### و. وەبەرهێنان لە پرۆژەکانی ژێرخانی ئابووریدا:

ئەم شێوەیە لە وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی گەشەکردنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی لە دوای تەوژمی جیهانگیریەوە لە ووڵاتە دواکەوتووەکاندا، ئەویش بە ئامانجی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە گەورەیەی لە ژێرخانی ئابووری ئەم وڵاتانەدا بەدی دەکرا کە ببوونە لەمپەر لەبەردەم وەگەڕخستنی سەرمایەی وەبەرهێنی بیانیدا، هەربۆیە ئەم شێوەیە لە وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لەوڵاتە دواکەوتووەکاندا بەشێوەیەکی بەرفراوان دەستی پێکرد لە رێگەی گواستنەوەی لێوەشاوەیی و سەرمایەی نەختینەیی بە ئامانجی بە گەڕخستنی لە ژێرخانی ئابووری ئەمجۆرە وڵاتانەدا هەتا رێگە خۆشکەربێت بۆ هاتنەکایەی پرۆژەی وەبەرهێنانی دیکە و گەشەسەندی ئابووری ئەم وڵاتانە(محمد و رياض: 2013 ، 420).

### ز. وەبەرهێنان لە پرۆسەی پێکەوەگرێدان و خاوەندارێتی:

ئەم شێوەیە لە وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی خۆی دەبینێتەوە لە پێکەوەگرێدان یاخود کڕینی کۆمپانیا نیشتمانیەکان لەلایەن کۆمپانیا یاخود وەبەرهێنی بیانیەوە کە کار لە پرۆژەکانی وڵاتی میوانداردا دەکەن، ئەویش لە ئەنجامی مایەپوچبوونی کۆمپانیا نیشتمانیەکە یاخود رکەبەری لەلایەن کۆمپانیای هاوشێوەکانیەوە کە ئەم کۆمپانیا نیشتمانیە توانای رکەبەری نیە.لەم کۆتاییانەدا لە وڵاتانی ئەوروپا ئەم شێوەیەی وەبەرهێنان (پێکەوەگرێدان و خاوەندارێتی) گرنگی زۆری پێدەدرێت، بەڵام لای ئەوان بە ئامانجی کەڵەکەکردنی زیاتری توانای وەبەرهێنانە کە شمەک گەلێك بخەنەڕوو کە پێشتر لە توانای کۆمپانیا نیشتمانییەکاندا نەبووبێ و کۆنترۆڵی بازاڕی ناوخۆ و وڵاتانی دراوسێشی پێبکەن(السعیدی،2007، 33).

## تەوەری دووەم: گرنگیەکانی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی

وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ لەو وڵاتانەی کە پرۆژەکانیانی تێدا بەگەڕدەخەن،لەم تەوەرەدا تیشك دەخەینە سەر (هەشت) لەو گرنگیانەی کە خزمەت بە ئامانجی توێژینەوەکەمان دەکات:

### 1- پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان پاشکەوت و وەبەرهێنان:

وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی کاریگەری گەورەی هەیە لەو بۆشاییەی کە لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا لە نێوان پاشەکەوت و وەبەرهێناندا دروستبووە، هەر بۆیە لە رێگەی بەگەرخستنی ئەم جۆرە وەبەرهێنانەوە هەردوولا (وەبەرهێنی بینانی و یشتمانی) سوودمەند دەبن لە پرۆسەکە، وەبەرهێنی بیانی دەستکەوتی خۆی مسۆگەر دەکات و وڵاتی میوانداریش پرۆژەکانی بەدەستدەهێنێت بەبێ ئەوەی قورسایی لەسەر خەرجییە گشتیەکانی لە بوودجەی گشتی وڵاتدا دروست ببێت(احمد و خضير:2010، 140).

### 2- خێرا کردنی پرۆسەی پێشکەوتنی ئابووری:

وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیان دەتوانێت بە شێوەیەکی خێرا ئابووری ئەو شێوێنەی پرۆژەکانی تێدا دەخاتەگەڕ بەرەو پێش ببات. ئەمەش لە رێگەی زیادکردنی داهاتی ناوخۆ، زیادکردنی دەرفەتی کار،فراوانکردنی خزمەتگوزارییەکان و خستنەگەڕی پرۆژە لەکارکەوتووەکان و...هتد. ئەم پێشکەوتنە دەتوانێت کاریگەری ئەرێنی لەسەر ئاستی ژیانی خەڵکی ناوچەکە دروستبکات و سەرەنجام ئابووری ئەو ناوچەیە بەرەوپێش ببات، لەلایەکی دیکەوە لە رێگەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانیەوە سەرەڕای ئەوەی توانای بەرهەمداری وڵات زیادتر دەکات، هاوکات دەتوانێت بازاڕی گونجاو بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمە نیشتمانییەکان فەراهەمبکات و پەیوەندییە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکانیش سەرپێ بخات. (عاشور: 2007 ، 45-46).

### 3- دابینکردنی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بۆ وڵاتی میواندار:

بەگشتی وڵاتە دوواکەوتووان بەدەست کەمی یاخود نەبوونی تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو لە پرۆسەی وەبەرهێناندا گیرۆدەبوون، ئەمەش وایکردووە بەرهەمی نەتوایەتیان لە ئاستێکی لاوازدابێت و نەتوانن رکەبەری کاڵای هاوردەکراوی وڵاتان بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش لە رێگەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانیەوە دەتوانرێت گرفتی کەمی یاخود نزمی ئاستی تەکنەلۆژیا لەم وڵاتانە چارەسەر بکات و پرۆسەی وەبەرهێنان لە شێوە کلاسیکیەوە بازبدات بۆ شێوە سەردەمییەکەی،ئەو هەنگاوەش دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمداری پیشەسازیەکان و گەشەکردنی ئاستی تەکنەلۆجیا(حمزە:2012 ، 26).

### 4- ڕەخساندنی هەلی کاری نوێ:

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئابووری وڵاتە تازەقراژووبووەکان بەرزی تێکڕای بێکاریی ئاشکرایە لە نێو هێزی کاردا ،کە بەردەوام فشار لەسەر حکومەت و دەسەڵاتە خۆجێییەکان دروست دەکەن و داوای وەسەرکارخستن دەکەن، هەربۆیە یەکێك لە گرنگیەکانی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی چارەسەرکردنی ئەو کێشە ئابووریەیە لەڕێی بنیادنانی پرۆژەگەلی جۆراو جۆرو ڕەخساندنی دەرفەتی کاری نوێ. ئەمەش دەتوانێت تێکڕای بێکاری لە وڵاتدا کەم بکاتەوە و ئاستی داهاتیان بەرز بکاتەوە(کاکی:2013 ، 97).

### 5- زیادکردنی بەرهەمی نیشتمانی و بەرزکردنەوەی توانای کەرتی تایبەت:

وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی دەتوانێت ئاستی بەرهەمی نیشتیمانی بەرزبکاتەوە لە ڕێگەی زیادکردنی قەبارەی بەرهەمداری و بەرزکردنەوەی کوالیتی خزمەتگوزاریەکان، چونکە توێژنەوە زانستیەکان سەلماندویانە کە خستنەگەڕی زانستیانەی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی پەیوەندیەکی ڕاستەوانەی هەیە لەگەڵ زیادکردنی بەرهەمی نیشتمانی وڵاتدا، هەرکات یەکەمیان زیاد بکات سەرەنجام دووەمیان چەندان جار زیاد دەکات،چونکە وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی توانای کەرتی تایبەت بەرز دەکاتەوە لە ڕێگەی پەرەپێدانی پیشەسازی و خزمەتگوزاریەکان و ئاشناکردنیان بە نوێترین ڕێگاو شێوازی کارکردن لە پرۆژەکاندا،بەم ڕێگایەش بە تێپەڕینی کات کەرتی تایبەتی خۆماڵیش سەرپێی خۆی دەکەوێت و دەتوانێ لە پاشە ڕۆژدا ئەوانیش قەبارەی وەبەرهێنان لە وڵاتدا فراوانتر بکەن و گەشەی بەئابووری وڵات بدەن (عبدالحمید:2007، 8)

### 6- بەرزکردنەوەی ئاستی هەناردە و هاوسەنگردنی تەرازوی بازرگانی:

وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی دەتوانێت ئاستی هەناردەی وڵات بەرز بکاتەوە بەگەشەکردنی بەرهەمهێنان و چاککردنی کوالیتی بەرهەمەکان،ئەویش لە ئەنجامی خستنەگەڕی سەرمایەی زەبەلاح و تەکنەلۆجیای نوێ و فراوانکردنی ئاستی شارەزایی و لێهاتووی، کە ئەمەش دەبێتە هۆی زیادکردنی بەرهەم لە چاو پێداویستیەکانی ناوخۆ و بەرزکردنەوەی توانای هەناردەکردن لەسەر حسابی هاوردەکردن و گەڕانەوەی تەرازوی بارزگانی بۆ باری هاوسەنگی، لەلایەکی دیکەوە ئەو وڵاتەی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی بە شێوەیەکی زانستی تێدا ئەنجامەدەدرێت لە گەورەترین گرفتی ئابووری سەردەم ڕزگاری دەبێت کە ئەویش پاشکۆیەتی ئابوورییە و چیتر پێویستی بەوە نابێت بۆ پڕکردنەوەی خواستی بازاڕەکانی پشت بە کاڵای هاوردە ببەستێت (بن سمینە:2008، 18-19).

### 7- دروستکردنی پەیوەندی زانستی و گۆڕینەوەی زانیاریەکان:

یەکێکی دیکە لە گرنگیەکانی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی ئەوەیە کە دەتوانێت پەیوەندی زانستی لە نێوان وڵاتی میواندار و وڵاتانی دیکەدا دروست بکات. بەتایبەت وڵاتە دواکەوتووەکان لە ڕووی زانستە پراکتیکیەکانەوە هەژارن و هەنووکە ڕێگاو شێوازی کلاسیکی بەکاردەهێنن لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا، هەربۆیە لە ڕێگەی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانیەوە دەتوانێت ئاشنابێت بە پێشکەوتووترین شێوازەکانی بەرهەمهێنان و ببێتە هۆی گۆڕینەوەی زانیاری و تەکنەلۆژی، کە ئەمەش دەتوانێت کاریگەری ئەرێنی لەسەر پەرەپێدانی وڵاتی میواندار لە ڕووی ئابووری و زانستیەوە دروستبکات (بن منصور: 2014، 116).

### 8- مسۆگەرکردنی گەشەی ئابووری وڵاتی میواندار:

وڵاتە تازەڤراژووبووەکان بەدەست لاوازی گەشەی ئابووریەوە گیرۆدەبوون،کە ئەم گەشەیە هاوڕەوت نیە لەگەڵ گەشەی دانیشتوان و زۆری پێداویستیەکاندا، هەر بۆیە ئاستی خەرجییە گشتیەکانی حکومەت ساڵ لە دوای ساڵ گەورەتر دەبێت و نرخی شمەك و کاڵاکانیش گرانتر دەبن و کورتهێنانی بودجەش ساڵانە فراوانتردەبێت، بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیرانەش وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی دەتوانێت گەشەی ئابووری وڵاتی میواندار مسۆگەر بکات لە ڕێگەی زیادکردنی کۆی گشتی بەرهەمی ناوخۆیی (GDP) و چاککردنی (چۆنایەتی و چەندایەتی) بەرهەمی ئەو کەرتە ئابووریانەی کە لە ئاستی پێویستدا نین و بەرزکردنەوەی داهاتی ناوخۆیی و فراوانکردنی بەرکەوتەی تاك لە کۆی گشتی بەرهەمی ناوخۆیی( GDP PER CAPITA ) و زیادکردنی دەرفەتی کار و، پەرەپێدانی پیشەسازی و فراوان کردنی قەبارەی خستنەڕووی گشتی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان و سەرەنجام مسۆگەرکردنی گەشەی ئابووری لە وڵاتدا دەستەبەر دەکات (خضر:2004، 111).

## تەوەری سێهەم: کارتێکەرەکانی سەر وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی

ژمارەیەکی زۆر کاتێکەر هەن کە هۆکارن بۆ کەمبوونەوە یاخود هەڵاتنی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لەو وڵاتدا، بۆ ئەو مەبەستە لە پۆلێن کردنیان بەسەر (پێنج) گروپدا شرۆڤەی ئەو کارتێکەرانە دەکەین کە خزمەت بە توێژینەوەکەمان دەکات.

### 1- کارتێکەرە ئابوورییەکان

لە گرنگترین ئەو کارتێکەرە ئابووریانەی کە دەتوانرێت زیاد و کەمبوونی بە هەند وەرگیرێت لەسەر وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی و زیاتر لە توێژنەکەمانەوە نزیکن بریتین لەم (10) کارتێکەرەی خوارەوە:

### أ. نرخی سود:

نرخی سود بەوە ناسراوە کە پەیوەندیەکی پێچەوانەی هەیە لەگەڵ وەبەرهێناندا،چونکە هەتا نرخی سود بەرزببێتە هانی خاوەن سەرمایە دەدات کە پارەکانیان لەبری ئەوەی لە پرۆژەی وەبەرهێناندا خەرجبکەن بیخەنە بانکەکانەوەو دەستکەوتی نەختینەییان دەستبکەوێت بەبێ هیچ سەرئێشەیەك، هاوکات ئەو بەرهێنەرانەشی کە پارە لە بانك بە قەرز وەردەگرن بەهۆی بەرزی نرخی سودەوە تێچووی گشتی پرۆژەکانیان بەرزدەبێتەوەو بەمەش کاریگەری لەسەر قەبارەی قازانجیەکانیان دروست دەبێت هەربۆیە قەبارەی وەبەرهێنان ڕوو لە کەمبوونەوە دەکات بەهۆی بەرزی تێچووی پرۆژەکانەوە(فرحی:2005، 108). لەلایەکی دیکەوە ئەم پەیوەندیەی نێوان نرخی سود لەگەڵ وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانیدا دەبێتە پەیوەندیەکی راستەوانە، ئەویش ئەو کاتەی کە لە ئەنجامی بەرزی نرخی سودەوە وەبەرهێنەرە ناوخۆییەکان لە پرۆسەی وەبەرهێنان دەکێشنەوە، هاوکات گۆڕەپانەکە لە بەردەم وەبەرهێنی بیانیدا تەخت دەبێت کە ژمارە و قەبارەی وەبەرهێنانەکانیان زیادتر بکەن لە وڵاتی میوانداردا و بەم پێیەش وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی زۆر دەبێت (غنیم و دحلان:2004، 26- 29).

### ب- توانای لێوەشاوەیی سەرمایە:

زانای بەناوبانگ (جۆن مارنارد کینز) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە پەیوەندی نێوان توانای لێوەشاوەیی سەرمایە لەگەڵ قەبارەی سەرمایەدا پەیوەندییەکی پێچەوانەیە،ئەوەش بەواتا هەتا ئاستی سەرمایەی زۆر لە وەبەرهێنی راستەوخۆی بیانیدا بخرێتەگەڕ توانای لێوەشاوەیی ئەو سەرمایەیە کەمدەکات و سەرەنجام ئاستی تێچوونی پرۆژەکان ڕوو لە هەڵکشان دەکات (حسین و سعید:2004، 191). هەرکاتێکیش وەبەرهێنی بیانی سەرنجیدا ئاستی تێچوونە گشتیەکەی زیادترە لەو دەستکەوتەی چاوەڕێی دەکات لە وەبەرهێنانە راستەوخۆکە دەستی بکەوێ، ئەوا هەوڵدەدات سەرمایە زەبەلاحەکەی لەو پرۆژانە بکشێنێتەوە بە پشت بەستن بەو میتۆدە زانستیەی وەبەرهێنان کە جەخت لەوە دەکاتەوە کە "وەبەرهێن نابێت هەموو هێلکەکانی بخاتە سەبەتەیەکەوە"( خضر:2004، 80 - 81).

### ج- دەستهاتی نەتەوایەتی:

هەرکاتێك دەسهاتی نەتەوایەتی رووی لە زیادبوون کرد،وەبەرهێنی بیانی پێشبینی ئەوە دەکات کە بەرهەمی پرۆژەکەی لە داهاتوودا خواستی لەسەر دەبێت، هەر بۆیە وەبەرهێنی بیانی دوای خوێندنەوەی دۆخی دەسهاتی نەتەوایەتی ئەو وڵاتەی وەبەرهێنانی تێدا دەکات، هەوڵدەدات ژمارەی پرۆژەکانی وەبەرهێنان و قەبارەی وەبەرهێنانەکەی زیادتر بکات، هەر بۆیە بەسەرمایەی گەورەتر و بە پرۆژەی زیاترەوە وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لەوڵاتی خانەخوێدا ئەنجامدەدات، چونکە دڵنیایە لەوەی ئەو ژینگەیەی کە کاری تێدا دەکات مەترسی کەمبوونەوەی خواستی لەسەر نیەو ئەوەی کە لە پرۆسەکە بەرهەمی دەهێنێت لە بازاڕی ناوخۆی وڵاتی میوانداردا ساغ دەبێتەوە بۆیە ببەردەوامی بە وەبەرهێنان و فراوانبوونی دەدات (إسماعیل: 2009، 19- 21).

### د- باج و رەسمەکان:

تێکڕای باج و رەسمەکان لەگەڵ وەبەرهێنی راستەوخۆی بیانیدا پەیوەندیەکی پێچەوانەیان هەیە،هەتا تێکڕای رەسم و باجەکان لەسەر وەبەرهێنی بیانی زیادتربێت، قەبارەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لەوڵاتدا کەمتر دەبێت،چونکە زیاد کردنی رەسم و باجەکان بە واتا زیادبوونی تێچووی گشتی پرۆژەکان،زیاد بوونی تێچووی گشتی پرۆژەکانیش گوزارشتە لە کەمبوونەوەی دەستکەوتی وەبەرهێنی بیانی و دروستبوونی مەترسی لەسەر ئایندەی پرۆژەکەی و سەرنجام کارێك دەکات کە وەبەرهێنی بیانی لەو ژینگەیە هەڵبێت، هەربۆیە وڵاتانی جیهان لە ئێستا زۆرترین ئاسانکاری لە بواری رەسم و باجەکاندا پێشکەش بە وەبەرهێنی بیانی دەکەن بۆ ئەوەی سەرنجیان راکێشن وەبەرهێنان لە وڵاتەکانیاندا بکەن (عبید و عبد :2023 ، 173).

### هـ- هاوسەنگی ئابوور:

یەکێکی دیکە لەو کارتێکەرە ئابورویانەی رۆڵی گرنگ دەگێڕێت لە ژینگەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانیدا و سەرنجی زۆری لەسەرە ئەویش هاوسەنگی و سەقامگیری ئابوورییە،چونکە دەستەبەرکردنی هاوسەنگی ئابووری لە رێگەی چارەسەرکردنی قەیرانە ئابوورییە ناوخۆیی و دەرەکیەکان، بە هەنگاوی سەرەتای هاندان و راکێشانی وەبەرهێنی بیانی هەژمار دەکرێت بۆ بنیادنانی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە وڵاتی میوانداردا،کە ئەم هاوسەنگی ئابوورییەش لە کۆنترۆڵکردنی هەڵاوسان و چارەسەری کورتهێنانی بوودجەی گشتی و جێگیرکردنی نرخی دراوی نیشتمانی وئاستی گەشەی ئابووری ساڵانەی ووڵات و توانای کەرتی بانکی لە وڵاتی خانەخوێدا رەنگ دەداتەوە( ESCW : 2000,9).

### و- گۆڕانکاری لە نرخەکان:

گۆڕانکاری لە نرخەکان هاوشێوەشی خەنجەرێکی دوو دەم کار لەسەر ژمارە و قەبارەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی دەکات لە وڵاتی میوانداردا،بەجۆرێك هەرکاتێك نرخی ئەو شمەك و خزمەتگوزارییانەی کە وەك کەرەستەی خاو بەشداری دەکەن لە وەبەرهێنانەکە روو لە هەڵکشان بکات ئەوا ئاماژەیە بۆ بەرزبوونەوەی تێچووی گشتی وەبەرهێنانەکە و پاڵ بە وەبەرهێنەرەوە دەنێت کە وەبەرهێنان کەمبکاتەوە یاخود نەیکات، لەلایەکی دیکەوە ئەگەر نرخی ئەو کاڵایانە بەرزببێتەوە کە لە پرۆژەکانی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانیەوە بەرهەمهاتوون، ئەوا گوزارشتە بۆ بەرزبوونەوەی دەستکەوتەکانی وەبەرهێن و هانی دەدات کە ژمارە و قەبارەی وەبەرهێنانی بیانی لە وڵاتدا زیاتر بکات (میلودی:2007، 17).

### ز- قەبارەی بازاڕی دەڤەری میواندار:

قەبارەی بازاڕ گوزارشت نیە لە رووبەری جوگرافی بازاڕی ئەو ناوچەیەی وەبەرهێنانی تێدا دەکرێت،بەڵکو گوزارشتە لە قەبارەی خواست و خستنەروو لەلایەك و، توانای پارەدارکردنی بازاڕی وەبەرهێنان لەلایەکی دیکەوەیە.
ئەوەی تایبەتە بە قەبارەی خواست و خستنەڕوو لە بازاڕدا هەتا قەبارەی خواست گەشەبکات و فراوان ببێت ئەوا لەبەرامبەردا ژمارە و قەبارەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانیش روو لە زیادبوون دەکات، چونکە وەبەرهێنی بیانی بەرچاووی روونە کە ئەو بەرهەمەی دەیخاتەڕوو لەو بازاڕەدا ساغ دەبێتەوەو مەترسی لەسەر پرۆژەکەی دەڕەوێتەوە، لە وەبەرهێنانیشدا هەرکاتێك مەترسیەکان کەمبوونەوە،ئەوا فراوانبوونی وەبەرهێنان دێتەکایەوە، هاوکات ئەوەی تایبەتە بە بازاڕی پارەدارکردنی وەبەرهێنانیشە کەرتی بانکی و گواستنەوەو هێنانی سەرمایەی نەختینەیی و خێرایی مامەڵە داراییەکان لەخۆدەگرێت،هەتا ئەم کەرتە چالاك بێت و بتوانێت لەکاتی پێویستدا سیولەی نەختینەیی بۆ وەبەرهێنی بیانی دەستەبەر بکات،ئەوا کاریگەری ئەرێنی لەسەر ژمارە و قەبارەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە وڵاتی میوانداردا دروست دەکەن( عبدالمجید: 2002، 4).

### ح- ژێرخانی ئابووری:

یەکێك لە گرنگترین سیما دیارەکانی وڵاتی میواندار بۆ راکێشانی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی ژێرخانی ئابوورییە، ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لە شەقام و پرد و فرۆکەخانەو هۆیەکانی گواستنەوەو ...هتد، هەتا ئەم ژێرخانە ئابوورییە لەباربێت،ئەوا هانی وەبەرهێنی بیانی دەدات کە وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لەو وڵاتەدا زیاتر و خێراتر بکەن ،چونکە لە ئەنجامی لاوازی ژێرخانی ئابووری وڵاتی میوانداردا وێڕای ئەوەی لەمپەر لە گەیاندنی پێداویستیەکانی پرۆژەکانی وەبەرهێنان دروستدەکات،هاوکات تێچووی گشتی پرۆژەکانی وەبەرهێنان لەسەر وەبەرهێنی بیانی بەرزدەکاتەوە و بەمەش مەترسی لەسەر دەستکەوتە چاوەڕوانکراوەکانی وەبەرهێنی بیانی دروست دەبێت(النعمان و الطحلأوی:2008، 10 - 11).

### ك- دەستی کاری لێوەشاوەو بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا:

وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی بەردەوام چاوی لەسەر ئەو فاکتەرانەیە کە پرۆسەکەی خێتر دەکات و بەرهەمداری زۆر دەبێت، بۆ ئەو مەبەستەش چاوی لەسەر دەستی کاری شارەزاو لێوەشاوەیە لەگەڵ ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا پێشکەوتوو لە وڵاتەی وەبەرهێنانی تێدا دەکات، چونکە لە نەبوونی ئەو دوو کارتێکەرە سەرەڕای ئەوەی پرۆسەکەی خاو دەکاتەوە، هاوکات تێچووەکانیشی روو لە هەڵکشان دەکات و مەترسی لەسەر دەستکەوتە چاوەڕوانکراوەکانی دروست دەبێت، بۆیە تیشك دەخاتە سەر کرێکاری شارەزا و تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو هەتا دەستکەوتی وەبەرهێنانەکەی مسۆگەر بکات( العلمی: 2013، 35 و 94).

### ل- سیاسەتی ئابووری:

بەگشتی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی دەڕوانێتە سیاسەتی ئابوری ئەو وڵاتەی کە ئامانجیەتی وەبەرهێنانی تێدا بکات،ئەگەر ئەو وڵاتە سیاسەتێکی رۆشنی هەبوو کە هاوتەریب بێت لەگەڵ سیاسەتی ئابووری کۆمپانیەکە و، هاوکات سیاسەتی ئابووری ئەو وڵاتە توانای بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵکردنی قەیرانە ئابوورییە چاوەڕوانەکراوەکانی هەبێت،ئەوا دەتوانێت وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی تێدا ئەنجامبدات،لە گرنگترین ئەو خاڵانەشی کەلەم بوارەدا چاودێری دەکات: (المندلاوی:2004، 48)

- قەبارەی یەدەگی دراوی بیانیی
- کۆنترۆڵکردنی هەناردەو هاوردە لە سنورەکانی
- راستگۆیی لە پەیڕەوکردنی سیاسەتی ئابووری
- بوونی قاچاخچێتی و ئاستی گەندەڵی

دوای خستنەڕووی ئەو (دە) کارتێکەرە ئابووریە، لە تەوەرەکانی دیکەدا تیشک دەخەینە سەر کاتێکەرە (کارگێڕی و یاسایی و سیاسی و کۆمەڵاتییەکان)، کە هیچیان کەمترنیە لە کارتێکەرە ئابوورییەکان و لە هەندێ دۆخدا شوێنکاریان لە کارتێکەرە ئابوورییەکان زیاترە،کە ئەوانیش بریتین لە :

### 2- کارتێکەرە کارگێڕییەکان:

ژینگەی کارگێڕی وڵاتی میواندار رۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لە هاندان بۆ وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانیدا،توێژینەوە زانستیەکان دەریان خستووە کە پەیوەندیەکی پێچەوانە هەیە لەنێوان زیادبوونی رۆتینان لەگەڵ وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانیدا، بەجۆرێك هەتا ئاستی بیرۆکراتی و رۆتینی کارگێڕی لە فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی زیاد بکات لە بەرامبەردا ئاستی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی کەمدەکات،لەلایەکی دیکەوە بەرزبوونەوەی ئاستی رۆتین لە ژینگەی کارگێڕی وڵاتی میوانداردا هۆکارە بۆ سەرهەڵدانی دیاردەی بەرتیل و ساختەکاری بۆ راییکردنی مامەڵەی وەبەرهێنەران، کە ئەمەش وەك تێچوویەکی سەربار دەچێتە سەر تێچووی گشتی پرۆژەکان و کاریگەری نەرێنی لەسەر دەستکەوتە چاوەڕوانکراوەکانی وەبەرهێن دروست دەبێت(علی:1989، 26).

### 3- کارتێکەرە یاساییەکان:

یاسا کارپێکراوەکانی وەبەرهێنان رۆڵێکی کاریگەر دەبینن لەسەر وەبەرهێنان بەگشتی و وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی بە تایبەتی،چونکە وەبەرهێنی بیانی بەر لە بڕیاردان لەسەر وەبەرهێنان لە وڵاتی میوانداردا دەڕوانێت بۆ چوارچێوەیەکی یاسایی لە بارکە پارێزگاری لە سەرمایەکەی و ئاستی قازانجەکانی بکات ئەوکات بڕیاری وەبەرهێنان دەدات، هەر بۆیە ئەو وڵاتانەی کە ئامانجیانە سەرنجی وەبەرهێنی بیانی راکێشن یاساگەلێك دادەڕێژن کە دووربێت لە ناڕۆشنی و تەفسیری قوڵ، بەڵکو زۆر بە شەفافی پەیوەندیەکانی نێوان (کار و کرێکار و حکومەت)ی لە چوارچێوەی بەندە یاساییەکان دیاری دەکەن، هاوکات زەمینەی یاسایی دەڕەخسێنن بۆ کەرتی بانکی کە لە خزمەت وەبەرهێناندا بێت و سەرجەم لەمپەرەکانی موڵکداری و هاوردەکردنی کاڵا و هەناردەکردنی قازانجەکانی وەبەرهێنی بیانی لەو یاسایەدا لادەبەن هەتا دڵنیایی بدەن بە وەبەرهێنی بیانی کەمەترسی لەسەر نیە، دەتوانین بڵێین بەگشتی یاسای وەبەرهێنان بەجۆرێك دادەڕێژن کە هاوسەنگی لە نێوان بەرژەوندیەکانی حکومەت و وەبەرهێنی بیانی تیادا دەستەبەر کرابێت بەبێ ئەوەی هیچ لایەکیان لەسەر ئەوی دیکەیان مشەخۆربن (احمد :1998،16).

### 4- كارتێكەرە سیاسیەكان:

لە كارتێكەرە سیاسیەكان كە كاریگەری گەروە لەسەر پرۆسەی وەبەرهێنانی بیانی دروست دەكات خۆی دەبینێتەوە لە ئارامی سیاسی لەو دەڤەرەی كە وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی تێدا ئەنجامدەدرێت، كە پێویستە بەجۆرێك بێت دوربێت لە (شەڕو پێكهەڵپڕان، خۆپیشاندان و مانگرتن ، پەلاماری بنكەو دامەزراوە حكومی و حزبیەكان...هتد)، كە هەموو ئەمانە كاریگەری خراپ لەسەر متمانەی وەبەرهێنی بیانی دروست دەكەن بەرامبەر ئەو ناوچەیەی كە دەیەوێت وەبەرهێنانی تێدا بكات،چونكە لە وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانیدا میتۆدێك هەیە كە دەڵێت "سەرمایەی وەبەرهێن بە سروشتی خۆی ترسنۆكە و لە شوێنێك ناخرێتەگەڕ كە ئارامی سیاسی لە ژێر پرسیاردابێت"(جوارتینی و استروب:1987، 592)، چونكە نائارامی سیاسی كاریگەری نەرێنی لەسەر پێشبینی وەبەرهێنی بیانی بۆ دەستخستنی دەستكەوتی ئابووری دروست دەكات و خۆی لەو جۆرە وەبەرهێنانە بەدوور دەگرێت، توێژینەوە زانستیەكان ئەوەیان پشتڕاست كردووەتەوە كە نائارامی سیاسی بە ئەندازەی لە (0.25%)كاریگەری لەسەر كەمبوونەوەی وەبەرهێنانی بیانی و گەشەی ئابووری لە وڵاتی میوانداردا دروست دەكات(عطیە: 2000، 214).

### 5- كارتێكەرە كۆمەڵایەتییەكان:

بەگشتی لەم توێژینەوەیەدا كارتێكەرە كۆمەلاتیەكان دابەشبوون بەسەر دوو تەوەردا ئەوانیش:

### أ- گەشەی دانیشتوان:

زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان رۆڵێكی گرنگ دەگێڕن لەسەر بڕیاری وەبەرهێنی بیانی بۆ ئەنجامدانی پرۆژەكانی لە وڵاتی میوانداردا،چونكە گەشەكردنی ژمارەی دانیشتوان بەواتا گەشەكردنی خواست لەسەر هەموو ئەو كاڵاو پێداویستیانەی كە ژیانی رۆژانەی مرۆڤەكانی لەسەر بەندە(میلودی:2007، 15)، لەلایەكی دیكەوە زۆری ژمارەی دانیشتوان بەواتا زیادبوونی دەستی كار، هەربۆیە وەبەرهێنی بیانی كاتێك سەرنج لە وڵاتی میواندار دەدات كە دەستی كاری زۆری هەیە بەواتا كرێی كرێكاریش لە ئاستێكی نزمدایە، بەوەش تێچووی گشتی پرۆژەی وەبەرهێنانی راستەخۆی بیانی كەمدەكات و لە بەرامبەردا ئاستی دەستكەوتەكانی پرۆژەكەی روو لە هەڵكشان دەكات، بەمەش هانی وەبەرهێنی بیانی دەدات كە ژمارە و قەبارەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لەوڵاتی میوانداردا زیاتر بكەن(الوزنی و الرفاعی: 2009، 182).

### ب- خووە باوەكانی ناوكرمەڵگاو ئاستی رۆشنبیری:

لەگرنگترین فاكتەرەكانی ناو كارتێكەرە كۆمەڵایەتیەكان خۆی دەبینێتەوە لە خووە باوەكانی ناوكۆمەڵگاو ئاستی رۆشنبیری هاوڵاتیان كە رۆڵی بەرچاویان هەیە لە پرۆژەكانی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانیدا.
لە زۆرێك لە وڵاتە دواكەوتووەكاندا لە ئەنجامی نزمی ئاستی زانیاری و رۆشنبیریانەوە هەنووكە كەمترین گرنگی بەم لایەنە ئابوورییە گرنگە دەدەن و هەموو توانای وەبەرهێنانیان لەسەر وەبەرهێنانی ناوخۆیی خڕكردووەتەوە،بێئاگا لەوەی كە ئەو داهاتەی ئابووری و كۆمەڵایەتی و زانستیەی لە وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی دەست كۆمەڵگا دەكەوێت چەندان جار زیاترە لەوەی كە لە ناوخۆدا چاوەڕوان دەكرێت دەستیان بكەوێت(كنعان:2007 ، 10).
لەلایەكی دیكەوە زاڵبوونی خووەباوەكانی ناو ئەمجۆرە كۆمەڵگایانە لەمپەرێكی دیكەیە لەبەردەم وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانیدا كە چەندان شوێنی ستراتیجی بەهۆی بەپیرۆز سەیركردنی ناتوانرێت سودی ئابووری لێببینرێت،یاخود ساڵانە چەندان بەرهەمی كشتوكاڵی و ئاژەڵداری لەناودەچن بەهۆی حەرامكردنی چەندان پیشەسازییەوە، یاخود هەنووكە وەك پێویست نەتوانراوە سوود لە ناوچە گەشتیارییەكانی ئەو وڵاتانە ببینرێت بەهۆی زاڵبوونی بیروباوەڕێكی ئاینی دیاریكراوەوە كە هەموو ئەوانەش رۆڵی بەرچاویان بینیوە لە كەمبوونەوەی قەبارەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لەو وڵاتانەدا(فیصل: 2013 ، 200- 201).

بەگشتی دوای رونکردنەوەی لایەنی تیۆری توێژینەوەکە و دەستنیشانکردنی کارتێکەرەکانی سەر وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی لەچەندان تەوەر و پۆلێنکاری جیاوازدا،لە بەشی دواتردا دەچینە سەر لایەنی پراکتیکی توێژینەکە و واقعی وەبەرهێنان و وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی لە هەرێمی کوردستان بەگشتی و پارێزگای سلێمانی شرۆڤە دەکەین.

## بەشی دووەم: لایەنی پراکتیکی وەبەرهێنان و وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی لە پارێزگای سلێمانی

لەم بەشەدا بە پشت بەستن بەو داتا فەرمیانەی دەستکەوتووە واقعی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان بەگشتی و قەبارەی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی و وەبەرهێنانی هاوبەش دەخرینەڕوو لەم تەوەرانەی خوارەوەدا:

تەوەری یەکەم: واقعی وەبەرهێنان لە پارێزگای سلێمانی

تەوەری دووەم: واقعی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی هاوبەش لە پارێزگای سلێمانی

تەوەری سێهەم:واقعی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی لە پارێزگای سلێمانی

تەوەری چوارەم: پێوانەسازی کارتێکەرەکانی سەر وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی لە پارێزگای سلێمانی

### تەوەری یەکەم: واقعی وەبەرهێنان لە پارێزگای سلێمانی:

دوای ئەوەی (ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان-عێراق) لە دانیشتی ڕۆژی 4ی تەموزی(2006)یاسای ژمارە(4)ی ساڵی (2006)ی بە ناوی (یاسای وەبەرهێنانی لە هەرێمی کوردستان - عێراق) پەسەندکرد، کابینەی سلێمانی ئەو کاتی حکومەتی هەرێم بۆ یەکەمینجار وەبەرهێنانی خستەبواری جێبەجێکردنەوەو وەك یەکەمین پارێزگای هەرێمیش مۆڵەتی بنیادنانی بۆ پرۆژەی وەبەرهێنانی لە سنوری پارێزگای سلێمانی*دەرکرد کە بۆ (کۆمپانیای بەرێز)بوو لە بەرواری (15ی نۆڤەمبەری 2006)بە گوژمەی زیاتر لە (435)ملیۆن دۆلار لە بواری سێکتەری نیشتەجێبووندا.لەو دەمەوە پارێزگای سلێمانی دەست و پەنجەی لەگەڵ پرۆسەی وەبەرهێناندا نەرم کردووە، بەڵام ئەم زوو بەگرنگی زانینەی پارێزگای سلێمانی بۆ وەبەرهێنان کارێکی وای نەکرد کە ڕەنگدانەوەی لە قەبارەی وەبەرهێنادا بنەخشێنن، بەڵکو لە ئێستادا ئاستێکی لاوازی هەیە وەك لە خشتەی ژمار(1)دا دیارە:

**خشتەی ژمارە (1)**

**وەبەرهێنانی راستەوخۆ لە هەرێم و سنوری پارێزگای سلێمانی لەنێوان ساڵانی (2006 - 2024)**

| ساڵەکان | ژ.پرۆژەی وەبەرهێنان لە پارێزگای سلێمانی | سەرمایە بەدۆلار | ژ.پرۆژە لەهەرێم | سەرمایە بە دۆلار | رێژەی گۆڕانی ساڵانەی سەرمایە لە سلێمانی |
|---|---|---|---|---|---|
| 2006 | 2 | 438,307,630 | 2 | 438,307,630 | - |
| 2007 | 19 | 877,131,273 | 50 | 3,727,111,494 | 100% |
| 2008 | 22 | 610,591,948 | 61 | 4,283,113,664 | -30% |
| 2009 | 19 | 710,065,708 | 70 | 3,859,340,347 | 16% |
| 2010 | 19 | 1,721,776,787 | 91 | 4,472,094,714 | 142% |
| 2011 | 19 | 757,102,227 | 74 | 3,296,549,001 | -56% |
| 2012 | 36 | 761,480,971 | 128 | 6,051,644,573 | 1% |
| 2013 | 32 | 3,283,812,921 | 109 | 10,429,951,918 | 331% |
| 2014 | 18 | 1,298,810,750 | 70 | 3,867,742,803 | -60% |
| 2015 | 8 | 855,525,037 | 30 | 3,185,471,299 | -34% |
| 2016 | 5 | 2,310,118,885 | 32 | 2,883,337,135 | 170% |
| 2017 | 5 | 146,852,400 | 34 | 1,283,554,133 | -94% |
| 2018 | 11 | 1,990,747,971 | 47 | 3,455,999,750 | 1256% |
| 2019 | 18 | 521,312,808 | 64 | 2,672,900,832 | -74% |
| 2020 | 22 | 558,099,000 | 71 | 1,989,477,248 | 7% |
| 2021 | 17 | 667,830,065 | 69 | 8,506,438,864 | 20% |
| 2022 | 37 | 1,227,991,432 | 94 | 2,224,056,871 | 84% |
| 2023 | 31 | 416,561,013 | 117 | 2,330,348,947 | -66% |
| 2024 | 29 | 396,699,027 | 100 | 2,597,515,908 | -5% |
| کۆی گشتی | 369 | 19,550,817,853 | 1,313 | 71,554,957,131 | %17.08 |
| *تێکڕای گەشەی ساڵانەی لێکدراو | %16.0 | - %0.6 | %24.3 | %10.4 | |
| رێژەی بەشداری سەرمایەی وەبەرهێنانی بەگەڕخراوی سلێمانی لە پێکهێنانی سەرمایەی وەبەرهێنانی بەگەڕخراوی هەرێمدا = %27.3 | | | | | |

**سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر بە پشت بەستن بە داتاکانی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان - سلێمانی**

---

* کە دەڵێن پارێزگای سلێمانی هەردوو ئیدارەی گەرمیان و راپەڕین دەگرێتەوە،هەرچی هەڵەبجەیە هەتا ساڵی 2012 لەسەر حسابی پرۆژەکانی پارێزگای سلێمانی هەژمارکراون ئەگەرچی لە 2012ەوە لە هەڵەبجە تەنها 7پرۆژە مۆڵەتی وەرگرتووە کە کۆی گشتی سەرمایەکەشی تەنها 44ملیۆن و 145هەزار و 867دۆلاربووە و بەشێکی زۆریشی تەواو نەبووە.

* تێکڕای گەشەی ساڵانەی لێکدراو لەم یاسایەوە وەرگیراوە: $R = \left(\sqrt[N-1]{\frac{V1}{V0}} - 1\right) \times 100$

لە خشتەی ژمارە (1)ەوە دەبینین کە سەرەڕی ئەوەی ژمارەی پرۆژەکانی وەبەرهێنان لەماوەی توێژینەوەکەدا (369)پرۆژەی وەبەرهێنانی لەخۆگرتووە و بە تێکڕای گەشەی ساڵانەی لێکدراو (معدل النمو المرکب) کە تەنها (16%)ی تۆمارکردووە،بەڵام بە بەراورد بەکۆی گشتی پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە هەرێم لە ئاستێکی نزمدایە چونکە کۆی گشتی پرۆژەکان لە هەرێم گەیشتووەتە (1313)پرۆژە،هاوکات تێکڕای گەشەی ساڵانەی لێکدراویش بۆ پرۆژەکانی هەرێم زیاتر لە (24%)ی تۆمارکردووە،لەلایەکی دیکەوە کۆی گشتی قەبارەی سەرمایەی بەگەڕخراو لە پارێزگای سلێمانی نزیکەی (سێ هێندەو نیو کەمترە) لە چاو قەبارەی سەرمایەی بەگەڕخراو لە هەرێمی کوردستاندا.
ئەوەی جێگەی سەرنجە ڕێژەی بەشداری (نسبە المساهمە)ی سەرمایەی وەبەرهێنانی بەگەڕخراوی پارێزگای سلێمانیە لە پێکهێنانی سەرمایەی وەبەرهێنانی بەگەڕخراوی هەرێمدا تەنها (27.3%)ی پێکهێناوە،ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەی تێکڕای گەشەی ساڵانەی لێکدراو (معدل النمو المرکب) بۆ سەرمایەی بەگەڕخراو لەکۆتا ساڵەکانی توێژینەوەکەدا گەیشتووە بە (0.6% -) واتا لەبری ئەوەی سەرمایەی وەبەرهێنانی بەگەڕخراو بە هەمان ئاڕاستەی گەشەی ساڵانی سەرەتا ڕوو لە زیادبوون بکات بە پێچەوانەوە ڕووی لە کەمبوونەوە کردووە، بۆ نمونە لە ساڵی (2010) و تەنها دوای چوار ساڵ لە دەستپێکی وەبەرهێنان قەبارەی سەرمایە بۆ (19) پرۆژە زیاتر لە(ملیارێك و 721ملیۆن و 776هەزار)دۆلار بووە،بەڵام لە ساڵی (2024) و دوای تێپەڕینی نۆزدە ساڵ لە دەستپێکی وەبەرهێنان قەبارەی سەرمایە بۆ (29) پرۆژە تەنها (396ملیۆن و 699هەزار و 27)دۆلار بووە،کە ئەم سەرمایە بەگەڕخراوە لەگەڵ یەکەم ساڵی وەبەرهێنانیشدا بەراورد بکەین هێشتا نزیکەی (42 ملیۆن)دۆلار کەمترە.
هەرچی ڕێژەی گۆڕانی ساڵانەی سەرمایە (نسبە التغیر السنوی) لە سلێمانی دەبینین لە ساڵی (2018)دا ئاستی پێوانەیی تۆمارکردووە و گەیشتووە بە زیاتر(1250%) ئەوەش لە ئەنجامی ئەوەی لەو ساڵەدا قەبارەی سەرمایەی بەگەڕخراو نزیکەی (12)هێندەی ساڵی (2017) بووەو پرۆژەکانیش لە (5)پرۆژەوە هەڵکشاوە بۆ (11) پرۆژە، بەکۆی گشتی ڕێژەی گۆڕانی ساڵانەی سەرمایە (نسبە التغیر السنوی) لە پارێزگای سلێمانی بۆ سەرجەم ساڵانی توێژینەوەکە نزیکەی (17%)ی تۆمارکردووە،کە ئەمەش بەراورد بە (19) ساڵ وەبەرهێنان لەو پارێزگایە لە ئاستێکی کەمدایە کە دەبوو بە گوێرەی ستاندارە ئابووریەکان زیاتر لە(57%)*بووایە.
لێرەدا بۆ ئەوەی سەرنجی خوێنەر بەلاڕێدا نەبرێت بەوەی بەراوردی پرۆژە و سەرمایەی وەبەرهێنانی سلێمانی بە هەرێمی کوردستان شتێکی ئاساییە و دەبێت کەمتربێت! توێژینەوەکە بەراوردی پرۆژە و سەرمایەی وەبەرهێنانی پارێزگای سلێمانی بە پارێزگای هەولێر دەکات وەك لە خشتەی ژمارە(2) خراوەتەڕوو:

ڕێژەی گۆڕانی ساڵانە لە وڵاتە تازەپێگەیشتووەکاندا لە نێوان 3% بۆ 5%دایە و ئەگەر ساڵانە لە 3% گۆڕانی ساڵانە ڕووی بدایە دەبوو بەکۆی گشتی ڕێژەی گۆڕانی ساڵانەی سەرمایەی وەبەرهێنان(مجموع نسبە التغیر السنوی) لە سلێمانی لە بری (17%) نزیکەی (57%) بووایە

**خشتەی ژمارە (2)**

**وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆ لە سنوری پارێزگای سلێمانی و هەولێر لەنێوان ساڵانی (2006 - 2024)**

| ساڵەکان | ژ.پرۆژەی وەبەرهێنان لە پارێزگای سلێمانی | سەرمایە بە دۆلار | ژ.پرۆژەی وەبەرهێنان لە پارێزگای | سەرمایە بە دۆلار | ڕێژەی گۆڕانی ساڵانەی سەرمایە لە سلێمانی | ڕێژەی گۆڕانی ساڵانەی سەرمایە لە هەولێر |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 2006 | 2 | 438,307,630 | 0 | 0 | 0% | - |
| 2007 | 19 | 877,131,273 | 28 | 2,832,823,221 | 100% | 0 |
| 2008 | 22 | 610,591,948 | 29 | 3,277,024,233 | -30% | 15.68% |
| 2009 | 19 | 710,065,708 | 38 | 2,777,813,547 | 16% | -15.23% |
| 2010 | 19 | 1,721,776,787 | 57 | 1,913,893,360 | 142% | -31.10% |
| 2011 | 19 | 757,102,227 | 28 | 1,802,850,227 | -56% | -5.80% |
| 2012 | 36 | 761,480,971 | 44 | 4,180,426,737 | 1% | 131.88% |
| 2013 | 32 | 3,283,812,921 | 43 | 5,456,525,976 | 331% | 30.53% |
| 2014 | 18 | 1,298,810,750 | 22 | 2,267,361,309 | -60% | -58.45% |
| 2015 | 8 | 855,525,037 | 14 | 2,213,174,135 | -34% | -2.39% |
| 2016 | 5 | 2,310,118,885 | 11 | 389,096,787 | 170% | -82.42% |
| 2017 | 5 | 146,852,400 | 10 | 845,743,058 | -94% | 117.36% |
| 2018 | 11 | 1,990,747,971 | 24 | 1,414,245,794 | 1256% | 67.22% |
| 2019 | 18 | 521,312,808 | 35 | 2,113,174,273 | -74% | 49.42% |
| 2020 | 22 | 558,099,000 | 30 | 1,029,254,308 | 7% | -51.29% |
| 2021 | 17 | 667,830,065 | 35 | 7,691,652,495 | 20% | 647.30% |
| 2022 | 37 | 1,227,991,432 | 42 | 872,902,618 | 84% | -88.65% |
| 2023 | 31 | 416,561,013 | 48 | 1,788,360,990 | -66% | 104.88% |
| 2024 | 29 | 396,699,027 | 46 | 1,951,224,742 | -5% | 9.11% |
| کۆی گشتی | 369 | 19,550,817,853 | 584 | 44,817,547,810 | %17.08 | %8.38 |
| تێکڕای گەشەی ساڵانەی لێکدراو | %16.0 | - %0.6 | %2.96 | - %2.2 | | |
| ڕێژەی بەشداری سەرمایەی وەبەرهێنانی بەگەڕخراوی سلێمانی لە پێکهێنانی سەرمایەی وەبەرهێنانی بەگەڕخراوی هەرێمدا = %27.3 | | | | ڕێژەی بەشداری سەرمایەی وەبەرهێنانی بەگەڕخراوی هەولێر لە پێکهێنانی سەرمایەی وەبەرهێنانی بەگەڕخراوی هەرێم = %62.6 | | |

**سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر بە پشت بەستن بە داتاکانی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان - سلێمانی**

لەخشتەی ژمارە (2) دا دەرکەوتووە سەرەڕای ئەوەی پرۆسەی وەبەرهێنان لە سنوری پارێزگای هەولێر لە دوای پارێزگای سلێمانی دەستیپێکردووە، بەڵام کۆی ژمارەی پرۆژەی وەبەرهێنان لە هەولێر (584)پرۆژەی تۆمارکردووە بە جیاوازی (215) پرۆژە لەگەڵ سلێمانیدا، هەروەها کۆی گشتی سەرمایەی وەبەرهێنان لە پارێزگای هەولێر گەیشتووەتەوە (44ملیار و 817ملیۆن و 547هەزار و 810) دۆلار، ئەو ئاستەش نزیکەی (25ملیار و 266ملیۆن و 730هەزار) دۆلار لەچاو سەرمایەی بەگەڕخراوی سلێمانی زیاترە واتا (دوو هێندەو نیوە)،هەر لە بەرئەوەشە کە ڕێژەی بەشداری سەرمایەی وەبەرهێنانی بەگەڕخراوی لە پارێزگای هەولێر لە کۆی پێکهێنانی سەرمایەی وەبەرهێنانی بەگەڕخراوی هەرێمدا (%62.6)ی تۆمارکردووە و سلێمانیش تەنها (%27.3).

## تەوەری دووەم: واقعی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی هاوبەش لە پارێزگای سلێمانی:

لەم تەوەردا تیشك دەخەینە سەر ژمارە و سەرمایەی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی هاوبەش لە هەرێم بەگشتی و پارێزگای سلێمانی بەتایبەتی، دواتریش بەراوردی دەکەین بە پارێزگای هەولێر،هەتا بزانین ئەم شێوەیەی دیکەی وەبەرهێنان لە سلێمانی لەچ ئاستێکدایە بۆ ئەو مەبەستە سەرنجتان ڕادەکێشین بۆ ئەم خشتەیەی خوارەوە:

**خشتەی ژمارە (3)**

**وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی هاوبەش لە هەرێم و سنوری پارێزگای سلێمانی لەنێوان ساڵانی (2006 - 2024)**

| ساڵەکان | ژ.پرۆژەی وەبەرهێنانی هاوبەش لە سلێمانی | سەرمایە بە دۆلار | ژ.پرۆژە لەهەرێم | سەرمایە بە دۆلار | ژ.پرۆژەی وەبەرهێنانی هاوبەش لە هەولێر | سەرمایە بە دۆلار |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 2006 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| 2007 | 2 | 255,893,549 | 6 | 357,663,549 | 4 | 101,770,000 |
| 2008 | 2 | 60,250,000 | 4 | 146,584,507 | 2 | 86,334,507 |
| 2009 | 1 | 28,109,000 | 1 | 28,109,000 | 0 | 0 |
| 2010 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| 2011 | 0 | 0 | 2 | 79,210,966 | 2 | 79,210,966 |
| 2012 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| 2013 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| 2014 | 0 | 0 | 1 | 1,750,000 | 1 | 1,750,000 |
| 2015 | 1 | 60,000,000 | 1 | 60,000,000 | 0 | 0 |
| 2016 | 0 | 0 | 1 | 5,599,200 | 1 | 5,599,200 |
| 2017 | 1 | 4,282,400 | 1 | 4,282,400 | 0 | 0 |
| 2018 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| 2019 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| 2020 | 0 | 0 | -2 | 17,566,000 | 2 | 17,566,000 |
| 2021 | 0 | 0 | 1 | 19,818,000 | 1 | 19,818,000 |
| 2022 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| 2023 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| 2024 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| کۆی گشتی | 7 | 408,534,949 | 20 | 720,583,622 | 13 | 312,048,673 |
| ڕێژەی بەشداری پرۆژە هاوبەشەکانی سلێمانی لە کۆی گشتی پرۆژە هاوبەشەکانی هەرێم = %35 | | | ڕێژەی بەشداری پرۆژە هاوبەشەکانی هەولێر لە کۆی گشتی پرۆژە هاوبەشەکانی هەرێم = %65 | | | |
| ڕێژەی بەشداری سەرمایەی پرۆژە هاوبەشەکانی سلێمانی لە کۆی گشتی سەرمایە هاوبەشەکانی هەرێم = %65 | | | ڕێژەی بەشداری سەرمایەی پرۆژە هاوبەشەکانی هەولێر لە کۆی گشتی سەرمایە هاوبەشەکانی هەرێم = %35 | | | |

**سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر بە پشت بەستن بە داتاکانی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان - سلێمانی**

لەخشتەی ژمارە (3)دا دەرکەوتووە،سەرەڕای ئەوەی ژمارەی پرۆژە وەبەرهێنانە هاوبەشەکانی سلێمانی تەنها(7)پرۆژەیە لەکۆی (20)پرۆژەی هاوبەشی هەرێم و ڕێژەی (35%)ی پێکهێناوە،هاوکات هەولێر (13)پرۆژەی هەیەو ڕێژەی (65%)ی کۆی گشتی ژمارەی پرۆژە هاوبەشەکانی هەرێمی پێکهێناوە، بەڵام قەبارەی سەرمایەی پرۆژە هاوبەشەکانی سلێمانی(408ملیۆن و 534هەزار و 949)دۆلاری تۆمارکردووە لە کۆی گشتی سەرمایەی وەبەرهێنانی هاوبەشی هەرێم کە بڕەکەی (720ملیۆن و 583هەزار و 622)دۆلارە،بەمەش پارێزگای سلێمانی بەرزترین ئاستی لە وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی هاوبەش تۆمارکردووە کە ڕێژەی بەشداری سەرمایەی پرۆژە هاوبەشەکانی سلێمانی لە کۆی گشتی سەرمایە هاوبەشەکانی هەرێم (65%)ی تۆمارکردووە،هەرچی پارێزگای هەولێرە سەرەڕی ئەوەی لە (65%)ی کۆی گشتی ژمارەی پرۆژە هاوبەشەکانی هەرێمی لە خۆگرتووە، بەڵام قەبارەی سەرمایەی پرۆژە هاوبەشەکانی هەولێر (312ملیۆن و 48هەزار و 673)دۆلاری تۆمارکردووە لە کۆی گشتی سەرمایەی وەبەرهێنانی هاوبەشی هەرێم، بەم پێیەش ڕێژەی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی هاوبەش لە پارێزگای هەولێر لە دوای پارێزگای سلێمانیەوەیەو تەنها لە (35%)ی کۆی گشتی سەرمایەی بەگەڕخراوی لە وەبەرهێنانە ڕاستەوخۆ هاوبەشەکانی هەرێم پێکهێناوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لە ماوەی پێنج ساڵدا لە (2015-2010) بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسیەی پارێزگای سلێمانی گرتبووەوە هەر لە خۆپیشاندانەکانی 17ی شوبات و ڕۆژانی دوایی،ململانێی سیاسی، دەستپێکی بایکۆت و راگرتنی دەوامی فەرمانگەکان...هتد،یەك پرۆژەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی هاوبەش لە سنوری پارێزگای سلێمانی ئەنجامنەدراوە،رونتر بڵێین یەك سەرمایەدار و وەبەرهێنی بیانی ئامادەنەبوون لەگەڵ سەرمایەدارو وەبەرهێنی ناوخۆ تەنها پرۆژەیەکیش ئەنجامبدەن، لەبەرامبەردا لە سنوری پارێزگای هەولێر لە هەمان ماوەدا (3) پرۆژەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی هاوبەش بە گۆژمەی نزیکەی (80ملیۆن و 961هەزار) دۆلار ئەنجامدراوە.لەلایەکی دیکەوە لەدوای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەم لە (10ی تەموزی 2019) و قۆرخکردنی دەسەڵاتەکانی مۆڵەت پێدانی وەبەرهێنان لە دەستەی وەبەرهێنان لە هەولێر، دەبینین لە ساڵانی (2021-2020) لە سنوری پارێزگای هەولێر مۆڵەت بە (3) پرۆژەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی هاوبەشدراوە بە گوژمەی زیاتر لە (37ملیۆن و 380هەزار) دۆلار، لەکاتێکدا لە سنوری پارێزگای سلێمانی لە ساڵی (2018)ەوە هەتا ئێستا مۆڵەت بە تەنها یەك پرۆژەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی هاوبەش نەدراوە.*

## تەوەری سێهەم:واقعی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە پارێزگای سلێمانی

وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە پارێزگای سلێمانی بە خراپترین دۆخدا گوزەری کردووە، بە بەڵگەی ئەوەی کە لە ماوەی (16) ساڵی سەرەتای کارکردنی (دەستەی وەبەرهێنان - سلێمانی) دا تەنها پرۆژەیەکیش ئەنجامنەدراوە، هۆکارەکانیش زۆر و فرە رەهەندن و لە بەشی داهاتوودا کاریگەری هۆکارەکان لەسەر ئەمجۆرەی وەبەرهێنان باسدەکەین، بەڵام ئەوەی پێویستە بگوترێت ئەوەیە: سەرەڕای ئەوەی پرۆسەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان لە پارێزگای سلێمانیەوە بە پراکتیکی هاتە نێو فەرهەنگی ئابووریمانەوە، بەڵام لە (2006 - 2024) تەنها (دوو) پرۆژەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە سنوری پارێزگای سلێمانی بە گۆژمەی (54ملیۆن و 723هەزار و 800) دۆلار ئەنجامدراوە، کە ئەمەش نزمترین ئاستی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانیە بە بەراورد بە تێکڕای وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە هەرێمی کوردستاندا هەروەك لە خشتەی ژمارە (4)دا خراوەتەڕوو:

* لە پرۆسەی گەڕان بەدوای داتاو زانیارییەکانی تایبەت بە وەبەرهێنانی راستەوخۆی هاوبەش لە هەرێمی کوردستان تێبینی ئەوە دەکەیت جگە لە ناوەندی هەولێر کە 13 پرۆژە و ناوەندی سلێمانی کە 7 پرۆژە ئەنجامدراوە،لە تەواوی پارێز و ئیدارە سەربەخۆکانی دیکەدا وەبەرهێنانی راستەوخۆی هاوبەش ئەنجامنەدراوە، کە ئەمەش هۆکارە بۆ دروست بوونی چەندان قەیرانی وەك بێکاری و بەگەڕنەخستنی سەرچاوە ئابووریەکانی ئەو ناوچانە و چڕبوونەوەی دانیشتوان لە سەنتەری سلێمانی هەولێردا.

* کۆی گشتی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لەهەرێم بۆیە 39 پرۆژەیە چونکە جگە لە 36 پرۆژەکەی هەولێر و 2 پرۆژەکەی سلێمانی،لە ساڵی 2023دا یەك پرۆژەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە دهۆك بە گۆژمەی (2ملیۆن و 435هەزار و 721) دۆلار ئەنجامدراوە.

**خشتەی ژمارە (4)**

**وەبەرهێنان راستەوخۆی بیانی لە هەرێم و پارێزگای سلێمانی لەنێوانساڵانی (2006 - 2024)**

| ساڵەکان | ژ.پرۆژەی راستەوخۆی بیانی لە هەرێم | سەرمایە بە دۆلار | ژ.پرۆژەی راستەوخۆی بیانی لە سلێمانی | سەرمایە بە دۆلار |
|---|---|---|---|---|
| 2006 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| 2007 | 2 | 735,000,000 | 0 | 0 |
| 2008 | 4 | 123,043,696 | 0 | 0 |
| 2009 | 5 | 140,316,911 | 0 | 0 |
| 2010 | 3 | 165,532,207 | 0 | 0 |
| 2011 | 4 | 193,723,398 | 0 | 0 |
| 2012 | 8 | 657,105,584 | 0 | 0 |
| 2013 | 3 | 2,418,348,950 | 0 | 0 |
| 2014 | 1 | 25,430,174 | 0 | 0 |
| 2015 | 1 | 3,547,700 | 0 | 0 |
| 2016 | 2 | 29,445,100 | 0 | 0 |
| 2017 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| 2018 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| 2019 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| 2020 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| 2021 | 1 | 4,906,110,000 | 0 | 0 |
| 2022 | 2 | 56,297,800 | 1 | 48,097,800 |
| 2023 | 2 | 9,061,721 | 1 | 6,626,000 |
| 2024 | 1 | 145,000,000 | 0 | 0 |
| کۆی گشتی | 39* | 9,607,963,241 | 2 | 54,723,800 |
| رێژەی بەشداری پرۆژەکانی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی سلێمانی لە کۆی گشتی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی هەرێم = 5.12% | | | رێژەی بەشداری سەرمایەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی سلێمانی لە کۆی گشتی سەرمایەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی هەرێم = 0.5% | |

**سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر بە پشت بەستن بە داتاکانی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان - سلێمانی**

لە خشتەی ژمارە (4) دا دەرکەوتووە کە ژمارەی پرۆژە و قەبارەی سەرمایەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە پارێزگای سلێمانی لە نزمترین ئاستدایە،بەجۆرێك لە ماوەی (19) ساڵی رابردوودا تەنها (2) پرۆژەی وەبەرهێنانی بیانی لە سنوری پارێزگای سلێمانی ئەنجامدراوە بە گوژمەی (54ملیۆن و 723هەزار و 800)دۆلار، کە ئەگەر ئەم ژمارانە بەراورد بکەین بە کۆی گشتی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە هەرێمی کوردستان شۆك ئامێزە، چونکە رێژەی بەشداری پرۆژەکانی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی سلێمانی لە کۆی گشتی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی هەرێم تەنها (5.12%)ی پرۆژەکانی پێکهێناوە، هاوکات قەبارەی سەرمایەی بەگەڕخراویش لەم بوارەدا هێندە کەمە مایەی هەڵوەستە لەسەرکردنە،بەجۆرێك رێژەی بەشداری سەرمایەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی سلێمانی لە کۆی گشتی سەرمایەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی هەرێم لە هەزاردا پێنجە (0.5%). پرسیارە جەوهەریەکە ئەوەیە،"ئایا لە(94%)ەکەی دیکەی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی و لە (99.5%)ەکەی سەرمایە بیانیەکان لەکوێن؟" وەڵامەکەی لە خشتەی ژمارە (5) دا دەبینین

**خشتەی ژمارە (4)**

**وەبەرهێنان راستەوخۆی بیانی لە هەرێم و پارێزگای سلێمانی لەنێوان ساڵانی (2006 - 2024)**

| ساڵەکان | ژ.پرۆژەی راستەوخۆی بیانی لە هەرێم | سەرمایە بە دۆلار | ژ.پرۆژەی راستەوخۆی بیانی لە هەولێر | سەرمایە بە دۆلار | ژ.پرۆژەی راستەوخۆی بیانی لە سلێمانی | سەرمایە بە دۆلار |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 2006 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| 2007 | 2 | 735,000,000 | 2 | 735,000,000 | 0 | 0 |
| 2008 | 4 | 123,043,696 | 4 | 123,043,696 | 0 | 0 |
| 2009 | 5 | 140,316,911 | 5 | 140,316,911 | 0 | 0 |
| 2010 | 3 | 165,532,207 | 3 | 165,532,207 | 0 | 0 |
| 2011 | 4 | 193,723,398 | 4 | 193,723,398 | 0 | 0 |
| 2012 | 8 | 657,105,584 | 8 | 657,105,584 | 0 | 0 |
| 2013 | 3 | 2,418,348,950 | 3 | 2,418,348,950 | 0 | 0 |
| 2014 | 1 | 25,430,174 | 1 | 25,430,174 | 0 | 0 |
| 2015 | 1 | 3,547,700 | 1 | 3,547,700 | 0 | 0 |
| 2016 | 2 | 29,445,100 | 2 | 29,445,100 | 0 | 0 |
| 2017 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| 2018 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| 2019 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| 2020 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| 2021 | 1 | 4,906,110,000 | 1 | 4,906,110,000 | 0 | 0 |
| 2022 | 2 | 56,297,800 | 1 | 8,200,000 | 1 | 48,097,800 |
| 2023 | 2 | 9,061,721 | 0 | 0 | 1 | 6,626,000 |
| 2024 | 1 | 145,000,000 | 1 | 145,000,000 | 0 | 0 |
| **کۆی گشتی** | 39 | 9,607,963,241 | 36 | 9,550,803,720 | 2 | 54,723,800 |
| رێژەی بەشداری پرۆژەکانی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی هەولێر لە کۆی گشتی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی هەرێم = 94.7% | | | | رێژەی بەشداری پرۆژەکانی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی سلێمانی لە کۆی گشتی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی هەرێم = 5.12% | | |
| رێژەی بەشداری سەرمایەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی هەولێر لە کۆی گشتی سەرمایەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی هەرێم =99.4% | | | | رێژەی بەشداری سەرمایەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی سلێمانی لە کۆی گشتی سەرمایەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی هەرێم = 0.5% | | |

**سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر بە پشت بەستن بە داتاکانی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان - سلێمانی**

لە خشتەی ژمارە(5)دا دەرکەوتووە کە ژمارەی پرۆژەی وەبەرهێنانی بیانی و سەرمایەکەی لە سنوری پارێزگای سلێمانی بەراورد بە پارێزگای هەولێر کەمترین ئاستی تۆمارکردووە، لە ماوەی ساڵانی (2006 - 2024) تەنها (2) پرۆژەی وەبەرهێنانی بیانی لە سنوری پارێزگای سلێمانی ئەنجامدراوە،بەڵام لە سنوری پارێزگای هەولێر(36)پرۆژەیە و ئەو پرۆژەیەی دیکەش لە پارێزگای دهۆك بووە،هەر بۆیە رێژەی بەشداری پرۆژەکانی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی سلێمانی لە کۆی گشتی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی هەرێم تەنها(5.12%)ی کۆی گشتی پرۆژەکانە لەکاتێکدا هەولێر (94.7%)ی پێکهێناوە.

سەبارەت بە قەبارەی سەرمایەی بەگەڕخراوی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانیش کە خاڵی جەوهەری ناو پرۆسەکەیە دەبینین لە سلێمانی بە گۆژمەی (54ملیۆن و 723هەزار و 800)دۆلار وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی کراوە، بەڵام لە هەولێر بەگۆژمەی (9ملیار و 550ملیۆن و 803هەزار و 720) وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی کراوە ئەمەش بە واتا (174)هێندەو نیوی زیاتری سلێمانی سەرمایەی بیانی لە هەولێردا لە 19 ساڵی رابردوو لەم بوارەدا خراوەتەگەڕ، هەر لەبەر ئەمەشە رێژەی بەشداری سەرمایەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی سلێمانی لە کۆی گشتی سەرمایەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی هەرێم لە هەزاردا پێنجە(0.5%)، بەڵام لە سنوری پارێزگای هەولێر رێژەی بەشداری سەرمایەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە کۆی گشتی سەرمایەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی هەرێم(99.4%) ی تۆمارکردووە.

ئەنجامی ئەو شرۆڤە ئابووریانەی سەرەوە پێمان دەڵێن کە هۆکارگەلێکی زۆر هەن وەك کارتێکەر کاریگەریان هەیە لەسەر وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی و پێویستە لە رێگەی بەکارهێنانی کەرەستە ئامارگیرییەکانەوە پێوانە سازی بۆ بکەین هەتا بزانین کام کارتێکەر گۆڕو کاریگەری لەسەر وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی هەیە.


## تەوەری چوارەم: پێوانەسازی کارتێکەرەکانی سەر وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی لە پارێزگای سلێمانی

گومانی تێدانیە کە هۆکارگەلێکی زۆر هەن کار لە نرمی ئاستی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی لە پارێزگای سلێمانی دەکەن،بۆ دۆزینەی قەبارەی کارتێکەران و ئاستی پەیوەندیان بەو دۆخەوە، توێژینەوەکە پشتی بەستووە بە فۆرمی ڕاپرسی بۆ کۆمەڵەی دیاریکراو، سێ کۆمەڵەی دەستنیشانکردووە کە شارەزاییان هەیە لەگەڵ بڕگەکانی توێژینەوەکە ئەوانیش (وەبەرهێنەران و بەڵێندەران و مامۆستایانی زانکۆ) ن.* لە گرنگترین کارتێکەرەکانیش ئەمانەن:

### 1- کاریگەری ژێرخانی ئابووری پارێزگای سلێمانی لەسەر کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی:

بەگویرەی ئەو ڕاپرسیەی ئەنجامدراوە خراپی ڕێگاوبان و پرد و شەقام و ...هتد کە لە چوارچێوەی ژێرخانی ئابووری پارێزگای سلێماندایە لە ئاستێکدایە کە بووەتە لەمپەر لە بەردەم هاتنی وەبەرهێنەری بیانی بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکانی،ئەنجامەکان بەمجۆرەن:

**وێنەی ژمارە (1) کاریگەری ژێرخانی ئابووری سلێمانی لەسەر وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی**




**سەرچاوە:ئامادەکردنی توێژەر بە پشت بەستن ئە نجامدانی ڕاپرسی دیاریکراو**


* تێبینی:
(1) فۆرمەکە لە ڕێی گوگڵ شیتەوە ئاراستەی بەشدار بووانکراوە.
(2)لە مامۆستایانی زانکۆ تەنها بەشداری بەو بەڕێزانە کراوە کە پسپۆڕی بواری کارگێری و ئابوورین لە زانکۆکانی (سلێمانی و گەرمیان و ڕاپەڕین)
(3) لە کۆی 134 فۆرم نزیکەی 31وەبەرهێن و بەڵێندە بەشداریان لە ڕاپرسیەکەدا کردووەو هەموویان جەختیان لە پاراستنی ناویان دەکردەوە کە ئەمەش مایەی هەڵوەستە لەسەرکردنە!

لە وێنەی ژمارە(1)دا دەرکەوتووە کە (49%)ی بەشداربووان خراپی ژێرخانی ئابووری پارێزگای سلێمانیان بە کاریگەرییەکی(زۆر) لەسەر کەمی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی لە قەڵەمدەدەن،هاوکات لە (22%)ی یەکەشیان بە کاریگەرییەکی (زۆر زۆر)یان هەژمار کردووە،هاوکات لە پێوانەسازیدا دەرکەوتووە ئەگەر ئەم فاکتەرە بە ئەندازەی (1%) خراپتربێت لەبەرامبەردا (0.88%) قەبارەی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی کەمبوونەوە بەخۆیەوە دەبینێت بۆیە کارتێکەرێکی بەهێزەو دەبێت بە هەند وەربگیرێت.

## 2- کاریگەری نارۆشنی لە سیاسەتی ئابووری پارێزگای سلێمانی لەسەر کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی:

نارۆشنی سیاسەتی ئابووری وەك لە بەشی یەکەمدا باسکرا خۆی دەبینێتەوە لە هاوتەریب نەبوونی ئەو سیاسەتە ئابووریەی پراکتیزەکراوە لە وەبەرهێناندا لەگەڵ سیاسەتی ئابووری وەبەرهێنەرە بیانیەکان، هەر لە کۆنترۆڵنەکردنی قەیرانە ئابوورییەکان و ،لاوازی قەبارەی یەدەگی دراوی بیانیی و بوونی قاچاخچێتی و ئاستی گەندەڵی...هتد،کە ئەنجامی راپرسیەکە بەمجۆرەیە:

**وێنەی ژمارە (2) نارۆشنی سیاسەتی ئابووری سلێمانی لەسەر وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی**





**سەرچاوە:ئامادەکردنی توێژەر بە پشت بەستن ئە نجامدانی راپرسی دیاریکراو**

لە وێنەی ژمارە(2)دەرکەوتووە کە لە (61%) ی بەشداربووان نارۆشنی سیاسەتی ئابووری پارێزگای سلێمانیان بە کاریگەرییەکی(زۆر) لەسەر کەمی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە قەڵەمداوە،هاوکات لە (19%)ی دیکەشیان بە کاریگەرییەکی (زۆر زۆر) هەژماریان کردووە لە سەر کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی، هاوکات لە پێوانەسازیدا دەرکەوتووە ئەگەر ئەمفاکتەرە بە ئەندازەی (1%) بەرزببێتەوە لەبەرامبەردا (0.16%) قەبارەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی کەمبوونەوە بەخۆیەوە دەبینێت.

### 3- کاریگەری ڕۆتیناتی ئیداری لە پارێزگای سلێمانی لەسەر کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی:

توێژینەوە زانستیەکان دەریان خستووە کە پەیوەندیەکی پێچەوانە هەیە لەنێوان زیادبوونی ڕۆتینات لەگەڵ قەبارەی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانیدا، هەتا ئاستی ڕۆتینی کارگێڕی لە فەرمانگە پەیوەندیدارەکان زیادببێت،لە ئاستی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی کەمدەکات، ئەنجامی ڕاپرسیەکەش ئەم ڕاستیەی سەلماندووە کە ئەنجامەکەی لە وێنەی ژمارە (3) دا خراوەتەڕوو

**وێنەی ژمارە (3) کاریگەری ڕۆتیناتی ئیداری لەسەر وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی لە سلێمانی**





**سەرچاوە:ئامادەکردنی توێژەر بە پشت بەستن ئە نجامدانی ڕاپرسی دیاریکراو**

لە وێنەی ژمارە (3) دا دەرکەوتووە کە نزیکەی لە (56%)ی بەشداربووان ئەم کارتێکەرە بە یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی کەمبوونی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی لە پارێزگای سلێمانی لە قەڵەم دەدەن،بەجۆرێك لە (31%) بە هۆکارێکی (زۆر) کاریگەر و لە (25%) ی دیکەشیان بوونی ڕۆتینات بە هۆکارێکی (زۆر زۆر) کاریگەر لەسەر کەمبوونەوەی قەبارەی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی هەژماری دەکەن، هاوکات لە پێوانەسازیدا دەرکەوتووە ئەگەر ئەمفاکتەرە بە ئەندازەی (1%) بەرزببێتەوە لەبەرامبەردا قەبارەی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی لە پارێزگای سلێمانی بە ئەندازەی لە (0.55%) کەمبوونەوە بەخۆیەوە دەبینێت.

### 4- کاریگەری هەموارنەکردنەوەی یاسای وەبەرهێنان لەسەر کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە سلێمانی:

سەرەڕای ئەوەی پرسی هەمواركردنەوەی یاسای وەبەرهێنان لە خولەكانی رابردووی پەرلەمانی كوردستاندا چەندین جار قسەی لە بارەوەكرا كە ئەوەش ئاماژەیە بۆ پێویستی هەمواركردنەوەی،لە ئێستاشدا دەرەنجامی راپرسیەكە ئەوەمان بۆ دووپات دەكاتەوە.

**وێنەی ژمارە(4) کاریگەری هەموارنەکردنەوەی یاسای وەبەرهێنان لەسەر وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە سلێمانی**





**سەرچاوە:ئامادەکردنی توێژەر بە پشت بەستن ئە نجامدانی راپرسی دیاریکراو**

لە وێنەی ژمارە (4) دا دەركەوتووە كە زیاتر لە (80%)ی بەشداربووان ئەم كارتێكەرە بە یەكێكی دیكە لە هۆكارەكانی كەمبوونی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە پارێزگای سلێمانی لە قەڵەم دەدەن،بەجۆرێك زیاتر لە (67%) بە هۆكارێكی (زۆر) كاریگەر و زیاتر لە (13%)ی دیكەشیان بە هۆكارێكی (زۆر زۆر) كاریگەر لەسەر كەمبوونەوەی قەبارەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی هەژماری دەكەن، هاوكات لە پێوانەسازیدا دەركەوتووە ئەگەر ئەمفاكتەرە بە ئەندازەی (1%) خراپ بێت لەبەرامبەردا قەبارەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە پارێزگای سلێمانی بە ئەندازەی لە (0.86%) كەمبوونەوە بەخۆیەوە دەبینێت.

## 5- کاریگەری لاوازی ڕۆڵی بانکەکانی سلێمانی لەسەر کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی:

سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەکی بەرچاو لە بانکی بازرگانی لەماوەی توێژینەوەکەدا (2006-2024) لە سلێمانی کراونەتەوە،بەڵام هەنووکە ڕۆڵی ئەو بانکانە لە ئاستێکدانیە کە سەرنجی وەبەرهێنی ڕاستەوخۆی بیانی ڕاکێشن بەوەی مامەڵە دارایی و ئاڵوێرە داراییەکانیانی لێوە ئەنجام بدەن، هاوکات زۆربەی ئەو بانکانەش یان لقی بانکەکانی هەولێرن یاخود قەبارەی سەرمایەیان ئەوەندە کەمە کە وەبەرهێنی بیانی ناتوانێت پشتیان پێببەستێت،دەرەنجامی ڕاپرسیەکە و کاریگەری پێوانەسازییەکەش ئەو ڕاستیەی سەلماندووە کە لاوازی ڕۆڵی بانکەکان گەورەترین کاریگەری هەیە لە کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانیدا هەروەك لە وێنەی ژمارە(5)دا خراوەتەڕوو.

**وێنەی ژمارە(5) کاریگەری لاوازی ڕۆڵی بانکەکان لەسەر وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی لە سلێمانی**





**سەرچاوە:ئامادەکردنی توێژەر بە پشت بەستن ئە نجامدانی ڕاپرسی دیاریکراو**

لە وێنەی ژمارە(5)دا هاتووە کە نزیکەی لە(89%)ی بەشداربووان ئەم کارتێکەرە بە یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی کەمبوونی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی لە پارێزگای سلێمانی لە قەڵەم دەدەن،بەجۆرێك زیاتر لە (64%) بە هۆکارێکی(زۆر)کاریگەر و زیاتر لە (24%)ی دیکەشیان بە هۆکارێکی (زۆر زۆر)کاریگەر لەسەر کەمبوونەوەی قەبارەی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی هەژماری دەکەن، هاوکات لە پێوانەسازیدا دەرکەوتووە ئەگەر ڕۆڵی بانکەکان بە ئەندازەی (1%) بە ئاڕاستەی نەرێنی بڕوات لەبەرامبەردا قەبارەی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی لە پارێزگای سلێمانی بە ئەندازەی لە (13%) کەمبوونەوە بەخۆیەوە دەبینێت،کە ئەمەش لە دوای کارتێکەری قەبارەی بازاڕ بە دووەم گەورەترین قەبارەی کاریگەریی هەژماردەکرێت لەسەر ئەم پرسە.

## 6- کاریگەری ناهاوسەنگی ئابووری لەسەر کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە سلێمانی:

لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە داراییەی کەلە (12)ساڵی رابردوودا هەرێمی کوردستانی گرتووەتەوە،دۆخێکی ناهاوسەنگ رووی لە ئابووری هەرێم بەگشتی و پارێزگای سلێمانی بەتایبەتی کردووە،هۆکاری ئەوەی کە وایکردووە لە سلێمانی زیاتر خۆی بنەخشێنێ زۆری ژمارەی دانیشتوان و کەمی پرۆژەکانی وەبەرهێنانە، کە هەموو ئەوانە کاریگەری دروستکردووە لە کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانیدا هەروەك لە وێنەی ژمارە(6)دا خراوەتەڕوو.

**وێنەی ژمارە(6) کاریگەری ناهاوسەنگی ئابووری لەسەر وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە سلێمانی**





**سەرچاوە:ئامادەکردنی توێژەر بە پشت بەستن ئە نجامدانی راپرسی دیاریکراو**

لە وێنەی ژمارە(6)دا دەرکەوتووە کە زیاتر لە (65%) بەشداربووان ناهاوسەنگی ئابووری بە هۆکارێکی(زۆر) کاریگەر لەسەر کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی هەژماردەکەن،هاوکات نزیکەی لە (27%)ی دیکەشیان بە هۆکارێکی (زۆر زۆر)کاریگەر لەسەر کەمبوونەوەی قەبارەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لەپارێزگای سلێماندا ناوی دەبەن، هاوکات لە پێوانەسازیدا دەرکەوتووە ئەگەر ئەم فاکتەرە بە ئەندازەی (1%) بەرزببێتەوە لەبەرامبەردا قەبارەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە پارێزگای سلێمانی بە ئەندازەی لە (0.87%) کەمبوونەوە بەخۆیەوە دەبینێت.

### 7- کاریگەری قەبارەی بازاڕ لەسەر کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی لە سلێمانی:

قەبارەی بازاڕ گوزارشت نیە لە ڕووبەری جوگرافی،بەڵکو گوزارشتە لە قەبارەی خواست و خستنەروو لەلایەك و، توانای پارەدارکردنی بازاڕی وەبەرهێنان لەلایەکی دیکەوە.ئەوەی تایبەتە بە قەبارەی خواست و خستنەڕوو لە بازاڕی سلێمانیدا هەنووکە لەو ئاستەدانیە هەتا وەبەرهێنی بیانی بێخەمبێت لەوەی بەرهەمی پرۆژەکانی ساغ دەبێتەوە،هەرچی تایبەتە بە بازاڕی پارەدارکردنی وەبەرهێنانیش کە خۆی دەبینێتەوە لە کەرتی بانکی و گواستنەوەو هێنانی سەرمایە و ئاڵوێری دارایی، وەك لە ڕاپرسیەدا دەرکەوتووە ڕۆڵیان زۆر لاوازە لە هاندانی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانیدا،لە وێنەی ژمارە (7) دا زانیاری زیاتر خراوەتەڕوو:

**وێنەی ژمارە (7) کاریگەری بازاڕ لەسەر وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی لە سلێمانی**





**سەرچاوە:ئامادەکردنی توێژەر بە پشت بەستن ئە نجامدانی ڕاپرسی دیاریکراو**

لە وێنەی ژمارە(7)دا دەرکەوتووە کە زیاتر لە(72%)ی بەشداربووان قەبارەی بازاڕی سلێمانی بە هۆکارێکی زۆر کاریگەر لەسەر کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی هەژماردەکەن،هاوکات نزیکەی لە (12%)ی دیکەشیان بە هۆکارێکی (زۆر زۆر)کاریگەر لەسەر کەمبوونەوەی قەبارەی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی هەژماری دەکەن لەپارێزگای سلێماندا، هاوکات لە پێوانەسازیدا دەرکەوتووە ئەگەر ئەم فاکتەرە بە ئەندازەی (1%) بە ئاڕاستەی نەرێنی بگۆڕێت لەبەرامبەردا قەبارەی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی لە پارێزگای سلێمانی بە ئەندازەی لە (18%) کەمبوونەوە بەخۆیەوە دەبینێت،کە ئەمەش گەورترین قەبارەی کاریگەرییە بەراورد بە سەرجەم کارتێکەرەکانی دیکە لەسەر وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی لە پارێزگای سلێمانیدا.

## 8- کاریگەری دەستی کاری شارەزا لەسەر کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە سلێمانی:

بوونی دەستی کاری شارەزا یەکێکی دیکەیە لەو هۆکارانەی کە کاریگەری دروستدەکات لەسەر قەبارەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی، بەڵام ئەم کارتێکە بەهۆی بەرزی ئاستی (کرێکار و فەرمانبەر)ی ناو هێزی کاری سنوری پارێزگای سلێمانی رۆڵەکەیان زۆر کاریگەر نیە،وەك لە وێنەی ژمارە (8)یش خراوەتەڕوو:

**وێنەی ژمارە (8) کاریگەری بازاڕ لەسەر وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە سلێمانی**





**سەرچاوە:ئامادەکردنی توێژەر بە پشت بەستن ئە نجامدانی راپرسی دیاریکراو**

لە وێنەی ژمارە (8) دا دەرکەوتووە لە (60%)ی بەشداربووان نەبوونی دەستی کاری شارەزا بە هۆکارێکی مامناوەند لەسەر کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لەپارێزگای سلێماندا هەژماردەکەن، هاوکات لە پێوانەسازیەکەشدا دەرکەوتووە ئەگەرئەم فاکتەرە بە ئەندازەی (1%) بەرزبێتەوە لەبەرامبەردا قەبارەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە پارێزگای سلێمانی تەنها بە ئەندازەی لە (0.1%) کەمبوونەوە بەخۆیەوە دەبینێت،ئەمەش نزمترین قەبارەی کاریگەرییە بەراورد سەرجەم کارتێکەرەکانی دیکە لەسەر وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە پارێزگای سلێماندا.

## 9- کاریگەری ناجێگیری سیاسی لەسەر کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە سلێمانی:

پارێزگای سلێمانی بەوە ناسراوە کە زۆر هەستیارە بەرامبەر هەر رووداو پێشهاتێکی سیاسی، هەر لەبەر ئەوەشە کە ژمارەی خۆپیشاندان و مانگرتن و پێکهەڵپژانەکانی لەماوەی (2006-2024)دا لە هەر سێ پارێزگاکەی دیکە زیاترە،ر ەنگە ئەمە لە لایەکەوە تایبەتمەندی زیندوێتی ئەم پارێزگایە بێت، بەڵام لەلایەکی دیکەوە هۆکارە بۆ هەڵاتنی وەبەرهێنی بیانی و هەندێکجار وەبەرهێنی ناخۆییش،چونکە ئەستەمە وەبەرهێنێ سەرمایەی خۆی لە ژینگەیەکدا بخاتەکار کە بە هەڵبەرز و دابەزی سیاسیدا گوزەر بکات وێنەی ژمارە (9) زانیاری زیاتری لەخۆ گرتووە:

**وێنەی ژمارە (9) کاریگەری ناجێگیری سیاسی لەسەر وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە سلێمانی**





**سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر بە پشت بەستن ئە نجامدانی راپرسی دیاریکراو**

لە وێنەی ژمارە (9) دا دەرکەوتووە کە زیاتر لە (67%) بەشداربووان ناجێگیری فەزای سیاسی پارێزگای سلێمانی بە هۆکارێکی (زۆر زۆر) کاریگەر لەسەر کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی هەژماردەکەن، هاوکات لە پێوانەسازیەکەشدا دەرکەوتووە ئەگەر ئەمفاکتەرە بە ئەندازەی (1%) بەرزببێتەوە لەبەرامبەردا قەبارەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە پارێزگای سلێمانی بە ئەندازەی لە (0.22%) کەمبوونەوە بەخۆیەوە دەبینێت،شارێکی وەك سلێمانی کە (11) ساڵە بایکۆتی ناوبەناو دەیگرێتەوەو(91) خۆپیشاندانی تەنها بۆ شایستەداراییەکانی ئەنجامدابێت و (182) بەیاننامەی نارەزایی لەوبارەیەوە دەرکردبێت،دەتوانین بڵێین سەقامگیری سیاسی لەبەردەم پرسیاردایە،ئەمەش ئەو میتۆدەمان بۆ پشت راستدەکاتەوە کە دەڵێت "سەرمایە ترسنۆکە و خۆی لەو ژینگانەی وەبەرهێنان بەدوور دەگرێت کە بەناجێگیری سیاسی ناسراون"

## 10- کاریگەری بۆردومان و گەمارۆی ئاسمانی لەسەر کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە سلێمانی:

بۆردومان و گەمارۆی ئاسمانی گەشتەکانی فرۆکەخانەی سلێمانی لەلایەن تورکیا لەلایەك و، پەلاماری بنکە و بارەگاکانی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێرانیش لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە لەلایەکی دیکەوە،بوونەتە هۆکارێکی کاریگەر لەسەر کەمبوونەوەی قەبارەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە سنوری پارێزگای سلێمانی،وێنەی ژمارە (10) زانیاری زیاتری لەخۆ گرتووە:

**وێنەی ژمارە (10) کاریگەری بۆردومان و گەرمارۆی ئاسمانی لەسەر وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە سلێمانی**





**سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر بە پشت بەستن ئە نجامدانی راپرسی دیاریکراو**

لە وێنەی ژمارە (10)دا دەرکەوتووە کە زیاتر لە (83%) بەشداربووان بۆردومانی هەردوو وڵاتی دراوسێی هەرێم (تورکیا و ئێران) لەگەڵ راگرتنی گەشتە ئاسمانییەکانی فرۆکەخانەی سلێمانی لەلایەن تورکیاوە، بەهۆکارێکی زۆر کاریگەر لەسەر کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی هەژماردەکەن، بەجۆرێك زیاتر لە (43%)ی بەشداربوون بە هۆکارێکی (زۆر زۆر) و لە (40%)ەکەی دیکەشیان بە هۆکارێکی کاریگەری (زۆر) لە قەڵەمی دەدەن،هاوکات لە پێوانەسازیەکەشدا دەرکەوتووە ئەگەرئەم فاکتەرە بە ئەندازەی (1%) زیادبکات لەبەرامبەردا قەبارەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە پارێزگای سلێمانی بە ئەندازەی لە (0.51%) کەمدەکات.

## 11- كاریگەری هەڵکەوتەی جوگرافی سلێمانی لەسەر کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی:

بەهۆی ئەوەی پارێزگای سلێمانی لە رووی جوگرافیەوە سنورێکی فراوانی لەگەڵ ئێراندا هەیە، تائەندازەیەك کاریگەری لەسەر قەبارەی کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لەو پارێزگایەدا دروستکردووە،لەبەر ئەوەی هەنووکە بازاڕەکانی پارێزگای سلێمانی سیخناخ بووە بە کاڵای ئێرانییە کە لە رووی نرخەوە لەچاو کاڵا هاوردەکانی دیکەدا هەرزانترە، لەلایەکی دیکەشەوە تائێستا بەشێك لە پارێزگاکانی عێراق بە سلێمانیشەوە بە چەشنێك وێناکراوە کە دەروەچەیەکن بۆ کەمکردنەوەی فشاری گەمارۆ ئابووریەکانی سەر ئێران، بۆیە بە ئەندازەیەکی مامناوەند ئەم فاکتەرە رۆڵی بینیوە لە کەمکردنەوەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە پاێزگای سلێمانیدا،وێنەی ژمارە (11) زانیاری زیاتری لەخۆ گرتووە

**وێنەی ژمارە(11) کاریگەری هەڵکەوتەی جوگرافی سلێمانی لەسەر وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی**





**سەرچاوە:ئامادەکردنی توێژەر بە پشت بەستن ئە نجامدانی راپرسی دیاریکراو**

لە وێنەی ژمارە(11)دا دەرکەوتووە کە زیاتر لە (54%)ی بەشداربووان هەڵکەوتەی سلێمانی کە هاوسنورە لەگەڵ ئێران بە هۆکارێکی (مامناوەند) لەسەر کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی هەژماردەکەن، لەبەرامبەردا زیاتر لە (24%)ی دیکەشیان ئەم هەڵکەوتەیە بە کارتێکەرێکی (کەم) لەسەر کەمبوونەوەی قەبارەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی ناوی دەبەن،هاوکات لە پێوانەسازیەکەشدا دەرکەوتووە ئەگەرئەم فاکتەرە بە ئەندازەی (1%) کاریگەری خۆی بنوێنێت لەبەرامبەردا قەبارەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە پارێزگای سلێمانی بە ئەندازەی لە (0.3%) کەمبوونەوە بەخۆیەوە دەبینێت.

## 12- كاریگەری میدیاكان لەسەر كەمبوونەوەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە پارێزگای سلێمانی:

لە رۆژگاری ئەمڕۆدا بەهۆی پێشكەوتنی تەكنەلۆجیاوە كە جیهان لە چوارچێوەی ئامێرێكی گەیاندنی ناودەستمان بچوكبووەتەوە، ناوەندەكانی راگەیاندن رۆڵێكی بەرچاو دەگێڕن لە (خراپ یاخود باش) نیشاندانی هەر ژینگەیەكی وەبەرهێناندا،لەم نێوەندەشدا بەشێك لە كەناڵە ئاسمانییەكان فۆكەسیان لەسەر پارێزگای سلێمانیە و ساناترین دۆسیەی رۆژ دەكەنە رۆژەڤی خۆیان،ئەمجۆرە كاركردنەیان بە بەرنامە یاخود بێئاگایی بێت كاریگەری نەرێنی لەسەر بڕیاری وەبەرهێنانی بیانی دروست دەكات،چونكە ئەو جۆرە كاركردنە ئاماژەیە بۆ ناجێگیری ژینگەی وەبەرهێنانی پارێزگای سلێمانی،وێنەی ژمارە (12) زانیاری زیاتری لەخۆ گرتووە

**وێنەی ژمارە(12) كاریگەری میدیاكان لەسەر وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە سلێمانی**




**سەرچاوە:ئامادەكردنی توێژەر بە پشت بەستن ئە نجامدانی راپرسی دیاریكراو**

لە وێنەی ژمارە(12)دا دەركەوتووە لە (44%)ی بەشداربووان خراپ وێناكردنی پارێزگای سلێمانی لەلایەن میدیاكانەوە بە كاریگەرییەكی (زۆر) لەسەر كەمبوونەوەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی هەژماردەكەن و ، هاوكات زیاتر لە (13%)ی دیكەشیان ئەم كارتێكەرە بە (زۆر زۆر) كاریگەر لەسەر كەمبوونەوەی قەبارەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی ناودەبەن، هاوكات لە پێوانەسازیەكەشدا دەركەوتووە ئەگەرئەم فاكتەرە بە ئەندازەی (1%) بەرزببێتەوە لەبەرامبەردا قەبارەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە پارێزگای سلێمانی بە ئەندازەی لە (0.19%) كەمبوونەوە بەخۆیەوە دەبینێت،چونكە وەبەرهێنی بیانی بۆ ئەوەی ئاشنابێت بە ژینگەی وەبەرهێنانەكەی سەرەتا لە رێگەی میدیاكانەوە زانیاری كۆدەكاتەوە،كاتێك میدیای ئەو وڵاتە بەشێوەیەكی نەرێنی پێناسەی پارێزگاكانی خۆی دەكات هیچ وەبەرهێنێكی بیانی ئامادەیی ئەوەی تیانیە سەركەشی بەسەرمایەكەی خۆیەوە بكات و لەو ژینگەیەدا وەبەرهێنان بكات.

## دەرئەنجامەکان

لەژێر رۆشنای بەشی دووەمی توێژینەوەکەدا چەندان دەرەنجام گەڵاڵە بوون،لێرەدا تیشك دەخەینەسەر گرنگترینیان:

1- ژمارەی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە پارێزگای سلێمانی لە ئاستێکی زۆر نزمدایە بەجۆرێك رێژەی بەشداری پرۆژەکانی سلێمانی لە کۆی گشتی پرۆژە بیانیەکانی هەرێم نزیکەی لە (5.3%)ی پێکهێناوە.

2- لەرووی سەرمایەی بیانی بەگەڕخراوەوە پارێزگای سلێمانی کەمترین رێژەی بەشداریکردنی هەیە لە کۆی گشتی سەرمایەی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە هەرێمدا بەجۆرێك تەنها لە (0.5%) لە خۆی گرتووە.

3- سەرەڕای ئەوەی ژمارەی پرۆژە وەبەرهێنانە هاوبەشەکانی سلێمانی تەنها(7)پرۆژەیە لەکۆی (20)پرۆژەی هاوبەشی هەرێم و رێژەی (35%)ی پێکهێناوە،بەڵام پارێزگای سلێمانی بەرزترین ئاستی لە سەرمایەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی هاوبەشدا تۆمارکردووە کە رێژەی بەشداری سەرمایەی پرۆژە هاوبەشەکانی سلێمانی لە کۆی گشتی سەرمایە هاوبەشەکانی هەرێم (65%)ی تۆمارکردووە.

4- لە پارێزگای سلێمانیدا ژمارەیەکی زۆر کارتێکەر هۆکارن بۆ کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی،بەڵام لە گرنگترینیان قەبارەی بازاڕ و رۆڵی بانکەکانن،کە لە پێوانەسازیدا دەرکەوتووە ئەگەر قەبارەی بازاڕ (خواست و خستنەڕوو) بە ئەندازەی (1%) کەمبکات لەبەرامبەردا قەبارەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە پارێزگای سلێمانی بە ئەندازەی لە (18%) کەمبوونەوە بەخۆیەوە دەبینێت،هەرچی بانکەکانیشە ئەگەر بە ئەندازەی (1%) بە ئاڕاستەی نەرێنی بڕوات لەبەرامبەردا قەبارەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە پارێزگای سلێمانی بە ئەندازەی لە (13%) کەمبوونەوە بەخۆیەوە دەبینێت.

5- ناجێگیری بارودۆخی سیاسی پارێزگای سلێمانی هۆکارێکی کاریگەرە لەسەر کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی،بەجۆرێك ئەگەر ئەمفاکتەرە بە ئەندازەی (1%) بەرزببێتەوە لەبەرامبەردا قەبارەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە پارێزگای سلێمانی بە ئەندازەی لە (0.22%) کەمدەکات.

6- بۆردومان و گەمارۆی سەرفرۆکەخانەی سلێمانی هۆکارێکی دیکەی کاریگەرە لەسەر کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لەو پارێزگایەدا، بەجۆرێك ئەگەر ئەم فاکتەرە بە ئەندازەی (1%) زیادبکات لەبەرامبەردا قەبارەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە پارێزگای سلێمانی بە ئەندازەی لە (0.51%) کەمبوونەوە بەخۆیەوە دەبینێت.

7- ناهاوسەنگی ئابووری و کۆنترۆڵنەکردنی قەیارانەکان هۆکارێکی دیکەن بۆ کەمبوونەوەی قەبارەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە پارێزگای سلێمانیدا، کە کاریگەرییەکەی لەسەر کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە پارێزگای سلێمانی بە ئەندازەی لە (0.87%) کەم دەبێتەوە.

8- هەموارنەکردنەوەی یاسای وەبەرهێنان بە یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی کەمبوونی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە پارێزگای سلێمانی دادەنرێت،کە قەبارەی کاریگەرییەکەی لەسەر کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی بە(0.86%) دادەنرێت.

9- رۆتینی ئیداری و پەیڕەوکردنی بیرۆکراتی لە کاروباری کارگێڕیدا هۆکارێکی کاریگەرە لەسەر کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە پارێزگای سلێمانیدا،کە قەبارەی کاریگەرییەکەی بە(0.55%) دادەنرێت.

10- خراپی ژێرخانی ئابووری پارێزگای سلێمانی هۆکارێکی دیکەی کاریگەرە لەسەر کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە سلێمانیدا و، قەبارەی کاریگەرییەکەی بە لە(0.88%) هەرژمار کراوە.

11- لە ئەنجامی بەکارهێنانی بەرنامەی (R SOFTWARE) بۆ پێوانەسازیکردنی کارتێکەرەکانی سەر کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لە پارێزگای سلێمانی دەرکەوتووە کە (R-SQUARE)ی مۆدیلەکەمان گەیشتووە بە (0.938) کە ئەمەش بەهێزی توانای رونکردنەوەی مۆدیلەکەمان بۆ پشتڕاستدەکاتەوە، هاوکات(P-VALUE) سەرجەجم کارتێکەرانیش قبوڵکراون چونکە بەهاکەیان لە نێوان (0.000)بۆ (0.048)دایە، هەرچی تایبەتە بە (.STD ERROR) دووره لە هەڵەی پێوانەسازی چونکە بەهاکەی لە نێوان (0.003) بۆ (0.06) دایە و بەپێی پێوەرە زانستیەکان قبوڵکراوە.

## پێشنیارەکان

لەژێر ڕۆشنای ئەو دەرەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە گرنگترین پێشنیارەکان دەخەینەڕوو:

1- پێویستە ژینگەیەکی لەبار بۆ وەبەرهێنان فەراهەمبکرێت کە هەرسێ خاسیەتی (شەففافی و هەماهەنگی و بزاوتن)ی لە خۆگرتبێت.

2- هەرچی زووە کاربکرێت لەسەر بنیادنانی ژێرخانێکی ئابووری تۆکمە هەر لە نۆژەنکردنەوەی شەقامەکان و ڕاکێشانی شەقامی نوێ و دروستکردنی بەرزە پرد و کەمکردنەوەی قەرەباڵغی شەقامەکان.

3- دەستەبەرکردنی هاوسەنگی سیاسی و ئیداری بۆ پارێزگای سلێمانی بۆ ئەوەی وەبەرهێنی بیانی سڵ نەکاتەوە لە بەگەڕخستنی سەرمایەکەی لە وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی لەو پارێزگایەدا.

4- کاربکرێت بۆ زیادکردنی ژمارەی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی لە پارێزگای سلێمانی لە ڕێگەی پێشکەشکردنی زۆرترین ئاسانکاری ئیداری و یاسایی.

5- دڵنیایی بدرێت بە وەبەرهێنی بیانی لە پاراستنی سەرمایە و پرۆژەکانی ئەویش لە ڕێگەی ڕەخساندنی ژینگەیەکی هاوسەنگ لە رووی سیاسی و بەرگرتن لە زۆری خۆپیشاندان و مانگرتن و هەڵکوتانە سەر سەرمایەداران.

6- بەهێزکردنی ڕۆڵی کەرتی بانکی لە سنوری پارێزگای سلێمانی لە ڕێگەی فراوانکردنی مامەڵەی بانکی و دروستکردنی متمانە بۆیان لەلایەك و ، بانگێشت کردنی بانکە گەروەکان بۆ کردنەوەی لقی سەرەکیان لە سلێمانی ئەنجامدانی ئاڵوێری دارایی لەلایەکی دیکەوە.

7- بوژانەوەی بازاڕی سلێمانی فراوانکردنی قەبارەی بازاڕ (خواست و خستنەڕوو) لە ڕێگەی ئاسانکاری بۆ سەرمایەداران و وەبەرهێنەران و کەمکردنەوەی باج و ڕەسمە جۆراوجۆرەکان لەسەریان.

8- بەکارهێنانی کەناڵە دیبلۆماتیەکان بۆ لابردنی گەمارۆی سەر فڕۆکەخانەی سلێمانی و کۆتایی هێنان بە بۆردومانی هەریەك لە تورکیا و ئێران.

9- کۆنترۆڵکردنی قەیارنە ئابووریەکان لە پێش هەموویانەوە قەیرانی مووچە کە شاهۆکاری لە دەستدەرچوونی کۆنترۆڵی ئابووری سلێمانیە و سەرچاوەی دروستکردنی ژینگەیەکی نالەبارە بۆ وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی،جا لە ڕێگەی بە هەرێمکردنی سەربەخۆی ئەم دەڤەرە بێت یاخود لە ڕێگەی (پرۆژەی تەوتین)ی مووچەی مووچەخۆرانی سلێمانی بێت.

10- یاسای وەبەرهێنان پێویستی بە هەموارنەکردنەوەیە،ئەویش بە جۆرێك بێت کە ڕەچاوی جوگرافیای سەرجەم پارێزگاکانی هەرێم بکات،بەواتا لە یاساکەدا ئاسانکاری زۆر بۆ وەبەرهێنبکات کە دەیەوێت لەو شوێنانە وەبەرهێنان بکات کە هەنووکە یەك وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی تێدا ئەنجامنەدراوە وەك هەردوو ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین.

11- پێویستە کاربکرێت لەسەر ئەوەی کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراو دامەزراراوە سەربەخۆکان لە هەوڵی دەرخستنی لایەنە ئەرێنیەکانی پارێزگای سلێمانی و ئەو بوارانەی کە وەبەرهێن و سەرمایەداری بیانی دەتوانێت وەبەرهێنانی تێدا بکات و دووركەونەوە لە زەقکردنی حاڵەتەکان.

12- پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان و خەمخۆرانی پارێزگای سلێمانی ئەم توێژینەوەیەو دەرەنجامەکانی بە هەند وەربگرن،چونکە لە نێو سەرجەم زانکۆ حکومیەکانی سنوری پارێزگای سلێمانیدا تەنها توێژینەوەیەکە کەبەو جۆرە ڕۆچووبێتە ناو هۆکارەکان و پەیوەندیان بە کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی شیتەڵبکات.

13- پێویستە لەسەر بەرپرسانی ئیداری سلێمانی کاربکەن لەسەر ڕاکێشانی سەرنجی سەرمایەداران و وەبەرهێنەرانی کەنداو،چونکە سەرەڕای نزیکیان لە رووی جوگرافیەوە،هاوکات لەرووی کۆمەڵایەتی و ئاینیشەوە لە کلتوری ژینگەی پارێزگای سلێمانیەوە نزیکن.

## سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی

### یەکەم: کتێب


1. البنك الأهلي المصري. (2004). تحليل اتجاهات الاستثمار الأجنبي المباشر خلال الفترة 2003-2004. النشرة الاقتصادية، العدد الرابع، المجلد (57)،، المصر.
2. وجيه، شندي. (1978). الفوائد الاقتصادية للاستثمارات الأجنبية. معهد البحوث والدراسات العربية، القاهرة.
3. حسين، عمر. (2000). الاستثمار والعولمة. دار الفكر الحديث، القاهرة.
4. حسن، كريم حمزة. (2004). المناخ الاستثماري في العراق. مجلة الغري للعلوم الاقتصادية والإدارية، العدد 23، السنة الثامنة، العراق.
5. حسين، سعيد، مجيد علي، عفاف، عبد الجبار. (2004). مقدمة في التحليل الاقتصادي الكلي. الطبعة الأولى، دار وائل للنشر، عمان.
6. مطر، محمد. (2010). إدارة الاستثمارات: الإطار النظري والتطبيقات العلمية. الطبعة الرابعة، مؤسسة الورق للنشر والتوزيع، الأردن.
7. الوزني، خالد واصف، الرفاعي، أحمد حسين. (2009). مبادئ الاقتصاد الكلي بين النظرية والتطبيق. الطبعة العاشرة، دار وائل للنشر، عمان.
8. غنيم، حسين عطا، دحلان، عبد الله صادق. (2004). دراسات في التحليل المالي ودراسة صافي رأس المال العامل. الطبعة الرابعة، جدة.
9. فرحي، محمد. (2005). التحليل الاقتصادي الكلي - الجزء الأول. دار الأنيس، الجزائر.
10. كنعان، علي. (2007). الاستهلاك والتنمية. جمعية العلوم الاقتصادية السورية، سوريا.
11. آل شبيب، دريد كامل. (2009). الاستثمار والتحليل الاستثماري. دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع، الأردن.
12. كاكي، عبد الكريم. (2013). الاستثمار الأجنبي المباشر والتنافسية الدولية. الطبعة الأولى، مكتبة حسن العصرية للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، لبنان.

## دووەم: تێزی دکتۆراو نامەی ماستەر

1. العلمي، حسين. (2013). دور الاستثمار في تكنولوجيا المعلومات والاتصالات في تحقيق التنمية المستدامة (دراسة مقارنة بين ماليزيا، تونس والجزائر). رسالة ماجستير، جامعة فرحات عباس سطيف 1، الجزائر.
2. برحومة، عبد الحميد. (2007). محددات الاستثمار وأدوات مراقبتها (إعداد نموذج قياسي للاستثمار بالجزائر للفترة 1994-2004). أطروحة دكتوراه، جامعة منتوري، الجزائر.
3. ميلودي، عبد العزيز. (2007). محددات تمويل الاستثمار في البنوك الإسلامية. رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الجزائر.
4. السعيدي، أسامة علي كاظم. (2007). دراسة تحليلية لأثر الاستثمار الأجنبي المباشر على اقتصاديات البلدان العربية (مصر والأردن) حالة دراسة للمدة من 1991-2005. رسالة ماجستير، جامعة الكوفة، العراق.
5. الزبيدي، محمد ناجي. (2008). فاعلية الاستثمار الأجنبي المباشر في إنماء المناطق الحرة. أطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة بغداد، العراق.
6. عاشور، إحسان جبر. (2007). دور الاستثمار الأجنبي المباشر في عملية التنمية الاقتصادية - تجارب دول مختارة مع إشارة خاصة للعراق. رسالة ماجستير، جامعة بغداد، العراق.
7. بن منصور، ليليا. (2014). الاستثمار الأجنبي المباشر - دراسة نظرية واقتصادية. مجلة الاقتصاد والتنمية البشرية، العدد (5)، جامعة البليدة، الجزائر.
8. سالكي، سعاد. (2011). دور السياسة المالية في جذب الاستثمار الأجنبي المباشر (دراسة بعض دول المغرب العربي). أطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة أبي بكر بلقايد، تلمسان، الجزائر.

## سێهەم: وتاری ئەكادیمی لە گۆڤارە زانستیەكان

1. .عبد المجيد، قدي. (2002). المؤسسات الصغيرة والمتوسطة والمناخ الاستثماري. الملتقى الوطني الأول حول المؤسسات الصغيرة والمتوسطة ودورها في التنمية، جامعة الجزائر.
2. دلال، بن سمينة. (2008). تحليل أثر الاستثمارات الأجنبية المباشرة على ميزان المدفوعات الجزائري خلال الفترة 2000-2014. مجلة دراسات اقتصادية، جامعة زيان عاشور، الجزائر.
3. محمد، رياض سيف عبد الجبار،مصطفى، محمد. (2013). الاستثمارات الأجنبية المباشرة في العراق ودورها في التنمية الاقتصادية. مجلة كلية بغداد للعلوم الاقتصادية الجامعة، العدد الخاص بمؤتمر الكلية، العراق.
4. عبيد، مهند خليفة، عبد، طيبة عباس. (2023). الانضباط المالي وأثره في معالجة الصدمات المزدوجة في الاقتصاد العراقي للمدة 2004-2020. مجلة اقتصاديات الأعمال للبحوث التطبيقية، المجلد (4)، العدد (1)، العراق.
5. فيصل، نبيل. (2013). أثر الاستثمار السياحي على التواصل الحضاري للمجتمع. مجلة كلية بغداد للعلوم الاقتصادية الجامعة، العدد 36، العراق.

## سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی


1. UNCTAD. (2004). WORLD INVESTMENT REPORT 2004: THE SHIFT TOWARD SERVICES. UNITED NATIONS, NEW YORK & GENEVA.
2. THE ROLE OF FOREIGN DIRECT INVESTMENT (FDI) IN ECONOMIC DEVELOPMENT. (2000). UNITED NATIONS, NEW YORK.
3. ALASRAG, H. (2005). FOREIGN DIRECT INVESTMENT DEVELOPMENT POLICIES IN THE ARAB COUNTRIES. WORKING PAPER NO. 83, THE INDUSTRIAL BANK OF KUWAIT.
4. ABDUVALIEV, M. (2023). THE IMPACT OF INVESTMENTS ON ECONOMIC GROWTH: EVIDENCE FROM TAJIKISTAN. MPRA PAPER. RETRIEVED FROM HTTPS://MPRA.UB.UNI-MUENCHEN.DE/116635/
5. ARANGUNA . ROBERTO BADAS (2021) .FOREIGN DIRECT INVESTMENT IN SPAIN: WHAT IS IT IMMEDIATE AND WHAT IS THE FINAL INVESTMENT .STATISTICS NOTES،SPAIN
6. SHEARN,MICHAEL.(2011).INVESTMENT CHECKLIST THE ART OF IN-DEPTH RESEARCH . JOHN WILEY & SONS.INC .USA,


## دەزگاو فەرمانگە پەیوەندیدارەکان:


1. سەرۆکایەتی دەستەی وەبەرهێنان، فەرمانگەی لێکۆڵینەوەو زانیاری - هەولێر
2. دەستەی وەبەرهێنان، بەڕێوەبەرایەتی زانیاری - سلێمانی
3. بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئامار - سلێمانی

دامەزراوەی ڤــیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجــی
مؤسســـة رؤيــة للدراســات الاستراتيجيــة
Vision Foundation for Strategic Studies

+964 772 330 0005
info@vfssiq.org
www.visionfoundationiq.org
Sulaymaniyah, Ashty, Opposite to Azadi Park

visionfoundationiq